رۆشنبیری نوێ ژ ۱۲۷ ۱۹۹۱

# کۆمەڵەو ڕێکخراوو حزبە کوردی یەکان لە نێو سەدەدا ۱۹۰۸ - ۱۹۵۸

بەشی دووەم

# کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبەکان لە کوردستانی عیراقدا

نووسینی : دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف

کومەلەو ریکخراوو حیزبە کوردی‌یەکان لەنیو سەدەدا ۱۹۰۸ ـ ۱۹۵۸، وەك کتێبێك بەزمانی عەرەبی دەرچووە لە ساڵی ۱۹۸۸ و لەبەغدا چاپکراوەو بڵاوبۆتەوە.

نووسەری کتێبەکە دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف بەشی یەکەمی کتێبەکەی لەزمانی عەرەبی‌یەوە گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردیو لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد لە بەرگی هەژدەیەم و نۆزدەیەم بڵاوکراوەتەوە. بەشی یەکەمیان دەربارەی کۆمەڵەو ڕیکخراوو حیزبەکان بووە لە کوردستانی تورکیادا.

بەشی سێیەمی کتێبەکەشی لە زمانی عەرەبی‌یەوە گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردی دەربارەی کوردستانی ئێران و لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ۱۲۲ ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۸۹ بڵاوکردۆتەوە. وا دووبارە ڕۆشنبیری نوێ بەشێك لە بەشی دووەمی هەمان کتێب بڵاودەکاتەوە دەربارەی کوردستانی عێراق و دوکتۆر عبدالستار لەزمانی عەرەبی‌یەوە گۆڕیوەتی‌یە سەر زمانی کوردی، ئومێدەوارین بەشی دووەمی ئەم بەشە لە ژمارەیێکی تری گۆڤارەکەمان بڵاوی‌بکەینەوە، لەبەر درێژی باسە کە نەتوانرا هەموو بەشەکە لەیەك ژمارەدا بڵاوبکرێتەوە.

## پێشەکی

لەبەشی یەکەم دا باسی ڕووداوەکانی تورکیاو دەوری ڕێکخراوو حیزبە کوردی‌یەکانمان کردووە لە پەرەپێدانیان بڵاوکردنەوەی

بەئاگاهێنانی هۆشی نەتەوەیی لە نێوان جەماوەری گەلی کورداو داواکردنی مافی نەتەوەیی ڕەوای کورد تا دەگا بەمافی چارەنووس و دامەزراندنی دەڵەتی کورد لە کوردستانی تورکیاداو خەباتکردنی بێوچان لە پێناویدا. باسی دامەزراندنی کۆمەڵەی (الاتحاد والترقی) کە دووکەس لەو چوار کەسانەی کۆمەڵەی ئیتحادوتەرەققی یان دامەزراندبوو کوردبوون ئەوانیش دوو تێکۆشەری کورد (ئیسحاق سکوتی) و (عەبدوڵلا جەودەت) بوون.

پاشان لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) هەروەها باسی ئەوەمان کردووە کە چۆن کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەققی لە ئامانجەکانی لای داوەو لەساڵی ۱۹۱۱ جاری بەتورك کردنی هەموو نەتەوەکانی تری داوە بەرێگای بەکارهێنانی زەبرو زەنگ و ڕێبازە نامرۆڤایەتی یەکانی دیکەش پێش ئەم ساڵەش لە ساڵی ۱۹۰۸ دا ئیتحادی یەکان هاتنە سەرحوکم کاروباری سەڵتەنەی عوسمانیی یان گرتە دەستەوەو جاری دەستوری عوسمانیی یان داو لەسەرەتادا ڕامیارێکی هەمواریان هەبوو بەرامبەر نەتەوەکان و ئاینە جیاجیاکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانیی، بەرامبەر بەم ڕامیاری یەی ئیتحادی یەکانیش کۆمەڵەکوردی یەکان گیانی نیشتمان پەروەری و نەتەوەیی یان دەچەسپاند لەنێوان جەماوەری کورددا. هەروەها داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکردو لەپێناویدا خەباتیان دەکرد. ئەم چالاکی یانە زیاتر پەرەیان سەند دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لەلایێکی ترەوە عەرەبەکانیش خەباتیان دەکرد لەپێناوی وەدی هێنانی سەربەخۆیی وڵاتانی عەرەبی ژێر چنگی عوسمانیی یەکان و بەریتانیاش بەڵێنی دابوو پێیان دەوڵەتێکی عەربیان بۆ دابمەزرێنی، هەروەها ئەرمەنی یەکانیش خەباتیان دەکرد لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی سەربەخۆ. کوردەکان داواییکیان پێشکەش کۆنگرەی ئاشتی کرد لە پاریس دا وەك نەتەوەکانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. پەیمانی (سیڤەر) یش لەساڵی ۱۹۲۰ دا ئەم مافەی گەلی کوردی خاڵەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) دا دیاری کردووە، ئەو دەوڵەتانەی پەیمانەکەیان مۆرکردبوو دانیان بەوەدا نابووکەوا خۆربەریی (الحكم الذاتي) بدرێت بە گەلی کورد وەك هەنگاوێکی سەرەتایی، پاشان سەربەخۆیی تەواو بەپێی باوەڕەکانی مافی چارەنووسی گەلان. بەڵام لە پەیمانی (لۆزان) دا لەساڵی ۱۹۲۳ تورکیای کەماڵی ڕازی کرا بەکشانەوەو پەشیمان بوونەوە لە پەیمانی (سیڤەر) و بەڵێنەکانی خاوەند پەیمانەکە، کەواتە ئەو دەڵەتانەی مۆریان کردبوو. تا ڕادەیێك پەیمانی لۆزان ناوی کوردو کوردستانی تیادا نەهاتبوو.

کوردستانی عێراقیش لەم ڕووداوانە تەریك و دوور نەبوو بوو کە لەکوردستانی تورکیادا ڕووی دەدا. گەلی کوردیش لە کوردستانی عێراق دا تووشی چەرمەسەری و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بوبوو سەرەرای داگیرکردنی عێراق بە کوردستانیەوە لەلایەن بەریتانیای داگیرکەر.

کۆمەڵەی کوردستان:

---

لە تەممووزی ساڵی ۱۹۲۲ دا کۆمەڵەی کوردستان لەشاری سلیمانی دامەزرا.[1] بەسەرۆکایەتی مستەفا عەزیز پاشای یامۆلکی و ئەندامەتی «ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد بەگ توفیق بەگ، صالح ئەفەندی قەفتان، شوکری عەلەکە، حاجی ئاغا فەتحوڵلا، فایق بەگی عارف بەگ، ئەدهەم یوزباشی شێخ موحەممەدی گولانی، ئەحمەد بەهجەت ئەفەندی و عەلی ئەفەندی باپیرئاغا.»

ئامانجی کۆمەڵەی کوردستان لەو قۆناغەدا لایەنگیریتی شێخ مەحموود بوو لە سلیمانی. کۆمەڵەی کوردستان ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) ی دەرچواندو ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە لە ۱۹۲۲/۸/۲ دەرچوو.

ئەم کۆمەڵەیە چۆن دامەزرا؟

دوای ئەوەی حاجی مستەفای عەزیز پاشای یامولکی لە ئەستەمبۆڵ لەتەمموزی ساڵی ۱۹۲۱ گەڕایەوە بۆ سلێمانی و دوای ئەوەی مستەفا کەماڵ ئەتاتورك حوکمی تورکیای گرتە دەست و ئیتر مستەفا یامولکی دەرفەتی ژیانی لەتورکیادا نەما، لەبەرئەوەی لە کاتی سوڵتان (وەحید) کە مستەفا یامولکی سەرۆکی دادگای عورفی بوو ئەستەمبوڵ مستەفا کەماڵی حوکم دابوو بەخنکاندن.

مستەفا یامولکی کە گەڕایەوە بۆ کوردستانی عێراق، لە ئەنجامی ئەو دەورانەی لەئیمپراتۆریەتی عوسمانیی دیبوی خاوەن تاقیکردنەوەیێکی خەباتی دوورو درێژ بوو کە گەڕایەوە سلێمانی بەوپەڕی توانایەوە هەوڵی پەرەپێدانی جۆری تێکۆشان و خەباتی گەلەکەی دەدا، توانی یەکەم کۆمەڵەی ڕامیاری لە شاری سلێمانی دابمەزرێنێ بەناوی (کۆمەڵەی کوردستان).

یامولکی لەساڵی ۱۸٦۸ ز لە سلێمانی هاتۆتە دونیاوەو لە خێزانی یامولکی یەو سەربە عەشیرەتی بلباسە لەناحیەی خورماڵ. دوای تەواوکردنی خوێندنی لە سلێمانی چوتە ئەستەمبوڵ و لەوێ لە ساڵی ۱۸۸۷ دا کۆلێجی سەربازیی تەواو کردووە.

مستەفا یامولکی دوای تەواوکردنی کۆلیجی سەربازیتی لە وەزارەتی پارێزگاری ئیمبراتۆریەتی عوسمانیی دامەزراو نێردرایە تیپ و هێزەکانی سوپاس عوسمانیی، لەکاتی خزمەتکردنی لە سوپادا بووە

سەرۆکی ئەرکانی شەڕ لە تیپی حیجاز، پاشان قونسڵی شاری (خۆی)، دواجار قونسڵی (شەلماس) و پاشان (مولحەقی) بازرگانیی لەسنەو فارس دا. هەروەها جێگری ئەرکانی شەڕ لەسوپای شەشەم لەبەغدا لەساڵی ١٨٩٩ دا. پاشان سەرۆکی تیپی پێنجەم لە ساڵی ١٩١١ لەکاتی شەڕی نێوان عوسمانیو ئیتالیادا. هەروەها فەرماندەی تیپی (٢٧) لەشەڕی بەلقان دا لەکاتی حوکمڕانی (ئەنوەرپاشا) خانەنشین کرا.

ئەمە کورتە باسێکی ژیانی سەربازێتی یامولکییە لەسوپای عوسمانیدا، ئەم کورتە باسەمان بۆیە باس کرد سرنجی خوێنەر رابکێشین بەرەو ئەوەی کەوا باروودۆخ و ڕووداوەکانی کوردستانی تورکیا کاریان کردبووە سەر کوردستانی عێراق و تێکەڵاو بەیەکتری بوبوون، کارتێکردنێکی بابەتییانە لەنێوان پارچەکانی کوردستان دا، سەرەڕای هۆیەکانی چەوساندنەوەو لەت لەتکردنی وڵاتەکە.

مستەفا یامولکی دوایگەڕانەوەی بۆ سلێمانیو پەیوەندی کردنی بە ڕۆشنبیرە کوردەکانەوە توانی (کۆمەڵەی کوردستان) دا بمەزرێنێ.

لەچالاکییەکانی کۆمەڵەی کوردستان، ناردنی یادداشتێکە بۆ ئەنجومەنی (عصبة الامم) لە ١/١٠/١٩٢٤، یادداشتێك دژی داخوازییەکانی تورکیا دەربارەی ولایەتی (موصل) و نکوڵی لە هەموو پەیوەندییەکی نێوان کوردو تورك کردبوو تەنها پەیوەندی ئایینی نەبێ، کە تورکیاش بوتە دەوڵەتێکی نائایینی کەواتە ئەو پەیوەندییەش نەماوە لە نێوانیان دا(٩).

کۆمەڵە شکاتی لە کورد بە تورك کردنی کردووە لە تورکیادا لەگەڵ مامڵەتی ناڕەوا لە گەڵیان دا. لە یادداشتەکە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کەوا دانی ولایەتی موصڵ بە تورکیا تاوانێکە دژی مافی مرۆڤایەتی بە شێوەیێکی گشتیو دژی مافی گەلی کورد بەتایبەتی.

یادداشتەکە کۆتایی بەداواکردن هێناوە لە ئەنجومەنی (العصبة) بە یارمەتیدانی گەلی کورد لەسەر چاك کردنی باری ژیانی وەك گەلێکی لەبیرکراوو دەربەدەرکراو بۆ ئەوەی ببێتە عونسرێکی خزمەتگوزاری ئاشتیو پێشکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی نیزیك دا ئەویش بە ڕێکەوتن لەگەڵ دراوسێکانی وەك ئەرمەنییەکان و کلدانییەکان و ڕەگەزەکانی تر. (١٣: ل ٢٣)

دوکتۆر (فاضل حسین) لەکتێبەکەیدا (مشكلة الموصل) دەڵێ:

مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) مێژوونووس و پەروەردەیاری کوردو یەکێ لە یاریدەدەرەکانی شێخ محمود لە وەڵامدانەوەی پرسیاری نووسەری (کتێبی مشكلة الموصل) دا - ئەوسا کۆمەڵی کورد هەبووە داوای دامەزراندنی حوکومەتێکی کوردی کردبێ، حوکومەتێکی نیشتمانپەروەری کورد لەژێر ئینتدابی بەریتانیادا؟ مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە وەڵام دا وتوویەتی بەڵێو ئەم کۆمەڵە بریتی بوونە لە ڕۆشنبیران و سەرۆك عەشیرەتەکان خێزانە گەورەکانی کورد کە بەنهێنی کاریان دەکرد لە عێراق دا، هەروەها لە دەرەوەی عێراق دا لەپێناوی سەربەخۆیی کورد، ئەویش لە سەردەمی عوسمانییەوە، پاشان دەڵێ - ڕەفیق حیلمی - ئەو کوردانە داواکانیان لەسەر بنەمای پەیمانی سیڤەر بووە. هەروەها کۆمەڵی تری کوردیش هەبووە وەك پیاوانی ئایینیو موچەخۆرانی میریو ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانی، ئەمانە لایەنگیری تورکیایان دەکرد. پیاوە ئایینییەکان هەڵوێستەکانیان لە سۆزی دینداریەوە هەڵقوڵابوو بەڵام موچەخۆرەکان و ئەفسەرەکان بەرژەوەندە کەسایەتییەکانیان پاڵیان پێوەنابوون ئەم هەڵوێستەیان بێ.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێ: ئەوانەی لایەنگیری عێراقیان دەکرد زۆربەی زۆریان بازرگانەکان و خاوەند موڵکەکان بوون، ئەمانیش هۆیە ئابورییەکان کاری تێکردبوون. کوردەکانی لیوای موصڵیش لەژێر دەستەڵاتی ئینگلیزدابوون. پاشان دەڵێ: تەنها کۆمەڵ کەداوای سەربەخۆییان دەکرد کۆمەڵەکەی سەربە شیخ محمود بوو. (١٣: ل ٢٣١)

دەربارەی کۆمەڵەکان و دامەزراندنیان لە سلێمانی (کۆتشیرا) دەڵێ:

«لەسلێمانی بۆ نموونە (کۆمەڵەی زانستی کوردان)(٢) دامەزرا لە ساڵی ١٩٢٦. ئەم کۆمەڵەیە قوتابخانەی شەوانی کردەوە بۆ خوێندن بەزمانی کوردی ئەم قوتابخانانەش خزمەتێکی زۆریان کردو ئامانجی باشیان دایە دەستەوە بەڵام لەدواجاردا جێگری سەرۆکی کۆمەڵەکە ویستی ڕەنگێکی رامیاری بداتە کۆمەڵەکە. (٢٦: ل ١١٦ - ل ١١٧).

لەڕەواندوزیش (طه) ناوێك هەوڵیدا کۆمەڵەیێکی کوردی دابمەزرێنێ کۆمەڵەی ئەدەبیات بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی زمانی کوردیو زانیاریی مێژوویی کوردیو تایبەتەکانی گەلی کورد. بەڵام لەبەر ئەوەی جووڵانەوەکەی شێوەیێکی رامیاری گرتبووە خۆیەوە، لەلایەن میرییەوە ڕێی پێ نەدار (٢٦: ل ١١٧)

لەساڵی ١٩٢٦ دا ئینگلیز (کۆمەڵەی پێش کەوتن) ی قەدەغەکرد کە بەنهێنی کاری دەکرد. ئەم کۆمەڵەیە خەریکی پێگەیاندن و ڕۆشنبیری کردنی ئەندامەکانی بوو، پاشان کۆمەڵەیێکیتر هاتە شوێنی.

لە کەرکوك بێگومان کۆمەڵانی نهێنی هەبوون و پەیوەندیان بە شێخ مەحمودەوە هەبوو (٢٦: ل ١١٨)

(کۆمەڵەی کوردەکانی پەیانگاکانی بەغداو ژمارەیێکی ڕۆشنبیرانی کوردەوەدامەزرا. ڕووی ئاشکرای کۆمەڵەکە ڕۆشنبیریو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیبووە ئامانج و بەرنامەی رامیاری نەبوو. چالاکییەکانی لە نێوان قوتابییەکان دا گەماروێی خواردبووەوە، لەپێناوی خزمەتکردنی ڕۆشنبیریی کوردی. ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن (محمد ئەمین زەکی) یەوە ئاراستە دەکرا. دوو بڵاوکراوە (دیاری لاوان)و (یادگاری لاوان)ی

دەرچـوان. بڵاوکـراوەکـان نۆژینـەوەی ئەدەبیو شیعـری نیشتمانی بڵاودەکـردەوە، ناسراوتـرین نووسـەرەکـانی ئەمانە بوون: (ئیبراهیم ئەحمەد)، حامید فرج، شاکر فتاح، فاضل طالباني و عبدالله گۆرانی شاعیر).

بەڵام (کۆمەڵەی کوردیی ئیسلامی) دوای دامەزراندنی وەزارەتەکەی (حکمت سلێمان) دامەزرا، کەواتە دوای کودەتاکەی (بکر صدقي) ئەم کۆمەڵەیە دەستیکرد بەنامە ناردن بۆ ئەوکەسانەی لێیان رازی نەبوون داوایـان لێدەکـرا دوای گەیشتنی نامـەکـە پێیـان، یەکسـەر عێراق بەجێبهێڵن ئەگەر نا سزایان کوشتنە، ئەمەش دەقی یەکێك لە نامەکانە: (پێـویستـە لەسـەرت لەمـاوەی سێ رۆژدا عێراق بجێبهێـڵی دوای گەیشتنینـامـەکـە پێت، ئەگـەرنـا دەکوژرێ.) ئیمزا کۆمەڵە کوردیی ئیسلامی). (٧: ل[١٢١])

لەساڵی ١٩٣٨ دا (کۆمەڵەی برایەتی) دامەزرا بەسەرۆکایەتی شێخ لەتیفی شیخ محمودی حەفید ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەیێکی رامیاری بوو، ئامـانجـەکـانی رزگـارکـردنی کوردو کوردستان بوو. بەڵام سنووری چالاکییەکانی لە شاری سلێمانی دەرنەچوتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەش دا کۆمـەڵـەیێکی زۆر چالاك بوو. ئەنـدامـانی بریتیبـوون لەبۆرجـوا کوردەکان وەك: (محمود صديق شاويس و ئیسماعیل حقي شاويس و مصـطفی حەمـەبۆرو محمد سعيد بگ سليم بگ و عزت ملا سعيد کابـان و شیخ لطيف دانسازو مەلا ئەسعەد خانقا (محوی) ملا جلال حیـدریو احـمـد شکـریو محمود احمد شنگەو محمد ئەمین مەنگوریيو ماجد مصطفیو گەلێ کەسانیتریش، کۆمەڵەکە کۆمەڵەیێکی نەتەوەیی رووت بوو.[٤]

لەساڵی ١٩٣٥ دا (کۆمەڵەی فدایی نیشتمان) بە سەرۆکایەتی حەمەی ئەورەحمان ئاغا لەشاری سلێمانی دامەزراو بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٣٦.

کریم زەند دەربارەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی برایەتی) دەڵێ:

ئەم کۆمەڵەیە لەساڵی ١٩٣٧ دامەزراو بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٤٣، چالاکییەکانی پەلی هاویشتە کوردستانی ئێرانەوە. ئەم کۆمەڵەیە لەشاری سلێمانی دامەزێنراو شێخ محمودی حەفید سەرۆکی فەخرییبوو بەڵام سەرۆکی فیعلی شێخ لطیفی کوری شێخ محمود بوو.

ناسراوتـرین ئەندامانیشی شێخ لطیف دانسازو ملا اسعد محویو دوکتۆر نوری فتوحیو محرم محمد ئەمین بوون، لە قوتابیانیش من و (کـریم زەنـد) و صالـح ئەحمـەد بوین. لەوکـاتـە لەپۆلی سێی ناوەنـدیبـووم. کۆمـەڵـە چالاکیێکی فراوانی هەبوو بەتـایبـەتی لە یاریـدەدانی بزووتنـەوەکـەی شێخ محمودی حەفید. لەوکاتە (محمود خانی دزلی) خرابووە ژێر چاوەدێریو بەزۆر مانەوەی لەشاری سلێمانی لەلایـەن میرییـەوە، کۆمـەڵـە توانی بەرێگای شێخ لەتیفی دانسازەوە دەربازی بکەن و رایکاتەوە بۆ (هەورامان) بەو نیازەی بزوتنەوەییکیدژ بە حوکومەتی عێراق بەرپابکەن لەهەورامان بۆ یارمەتیدانی بزوتنەوەکەی شێخ محمود.

لەساڵی ١٩٣٨ دا لاوانیکورد ئەوانەی تەمەنیان لە یەکتری نزیك بوو هەروەهـا لەبـیرو باوڕدا، لەشـاری سلێـمانی لەرێکخـراوێـك دا کۆبـوونەوە، جیاوازییێکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ رێکخراوی (برایەتی) ناسرابوو بەناوی (ئازادی کوردی). هەروەها رێکخراوی سێیەمیش بەناوی (دارکەر) هاتە کایەوە. (٢٦: ل[١٤٥])

دەربارەی (کۆمەڵەی ئازادی) کریم زەند دەڵێ: کۆمەڵەیێکی نیشتمانی بوو، ئازادی بۆ هەمـوو عێراق دەویـست بەکـوردو عەرەبیـەوە، پەیوەندیشی هەبوو لەگەڵ رێکخراوی (ژ.ك) لە کوردستانی ئێران دا ئەم کۆمەڵەیە کەواتە (کۆمەڵەی ئازادی) لەلایەن چەند قوتابییێکی کورد لە قوتابخانەی ئەندازیاریتی لەزانستگای بەغدا دامەزرێنرابوو.

## هیوا:

دەتـوانیـین بڵێین کەوا حیـزبی (هیـوا) کە لە سەرەتـادا بەنـاوی (دارکـەر) ەوە دامـەزرا، زۆر لە حیـزبی (خۆیبون) دەچوو ـ کەواتە حیـزبی سـەربـەخـۆیی کوردستانی تورکیا ـ لەدەوری بۆ کۆکردنەوەی هەمـوو رێکخـراوو کۆمەڵە کوردییە بچووکەکانی کە لە کوردستانی عێراق دا کاریـان دەکـرد لەیـەك رێکخراودا. ئەو کۆمەڵانەی ناوبەناو چالاکییـان دەنـوانـد لەگـۆرەپـانی کوردستـانی عێراق داو ئەپێشەکی نووسینـەکـەمـان دا باسیـانـمان کردووە. ئەم کۆمـەڵانـە نەیـانتـوانی بەتاڵاییەکانی کوردستان هەموو بر بکەنەوە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین باس چۆنێتی دامـەزرانـدنی حیـزبی هیـواو چالاکییـەکـانی بکـەین لەگۆرەپانی کورددا بە شێوەییکی فراوان.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٦ لەدیدەنییێکی نێوان مکرم جمال تاڵەبانیو صالح حیدری، کە صالح حیدری پرسیاری لێدەکا دەربارەی حیزبی (هیوا) کەیەکێ بووە لە ئەندامانی هیواو لەوەڵام دا دەڵێ:

«حیزبی هیوا لەساڵی ١٩٣٧ لەشاری کەرکووك هاتۆتە کایەوە، بەڵام بەناوی (دارکەر) ئەم ناوە ناوی رێکخراوێکی نەتەوەیی بووە لە ئیتاڵیادا کە داوای یەکێتی ئیتـاڵیای دەکرد، پاشان رێکخراوی (دارکەر) پەرەی سەنـدو بووبە حیزبی (هیوا) دوای گۆڕینی ناوەکەی پێشووی، ناوی (هیـوا) ش لەسـەر ئەسـاسی ناوی کۆمەڵەی (هێڤی) کورد لە تورکیا دانلرا، ناوی رێکخراوەکەیان گۆری بە (هیوا).» (١٥: ل[٨])

لە چاوپێ کەوتنێکـیان دا لەگـەڵ مصـطفی نەریـمان[٥] رۆژی

١٨/١٢/١٩٨٧؛ وەك يەكێ لە ئەندامانی حيزبی هيوا لەساڵی ١٩٤٢ وە وتی: «قوتابيێك بووم لە (پەيمانگای مامۆستايانی سەرەتايی لەبەغدا) ئەو كاتە ٣٠ ـ ٣٥ قوتابی كورد لە پەيمانگای مامۆستايان و كۆليجی مەليك فيصـل دەمـانخـوێـنـد. ئەم ژمـارەيە لەهەموو ناوچەكانی كوردستانی عێراقەوە هاتبوون بۆ خوێندن لەبەغدا. ئەوكاتە لايەنگيری حيزبی هيوا بووم. لەگەڵ هاورێكانم بڵاوكراوەكانی حيزبيان بڵاودەكردەوە دەچوينە (يـانـەی سەركـەوتنی كوردی) و گۆڤـاری (گەلاوێژ) مان دەخوێندەوە لەگـەڵ رۆژنامەی (ژين). لەپشووی هاوين دا دەگەرامەوە بۆ شاری (كفري).

مستـەفـا نەريمان دووپاتی كردەوە كەوا حيزبی هيوا نەيتوانی بچێتە ريـزی جووتيـارانەوە. بەڵكو چالاكی‌يەكانی تەنها لەريزی ئاغاكان و سەرۆك عەشـيرەتـەكـان و بەگزادەو شێخەكان تەشەنەی كردبوو، بەو باوەرەی ئەگەر ئەمانە بێنە ريزی حيزبەوە ئەو كاتە جووتيارانيش زامن دەكــرێن. پشت گوێ خستنی ئەم لايـەنــە كەواتــە نەچــوونـە ناو جووتيـارانەوە كە هێزی سەرەكی‌و راستەقينەی گەلی كوردن يەكێ بوو لەهـۆيـە سەرەكی‌يـەكانی تێك چوونی حيزبەكەو هەڵوەشاندنەوەی لە دوارۆژدا. پەنابردنی هيوا تەنها بەرەو جەماوەری رۆشنبيران و قوتابيان و ئەفــسـەران و ئاغـاو بەگـزادەكـان بەبێ جووتياران وای لە حيزب كرد دووربكەوێتەوە لە جەماوەرە راستەقينەكەی.

ئەم كەلێنـەش زياتر ئاشكراو روون بووەوە دوای جەنگی جيهانی دووەم كە حيـزب تووشی راونـان و چەرمـەسـەری بوو. لەيـادمە لەم رووەوە كە مامۆستا مەلا حكيم خانەقينی ئەندامی سەركردايەتی هيوا كە لە خانـەقينـەوە هەڤات. نەيتوانی لەناوچەكە خۆی بشارێتەوە. لەبەر ئەوەی دەرەبـەگەكان و شێخەكان پاشەكشێيان كرد لەحزبەكە لەترسی لەناوچوونی بەرژەوەندەكانيان. تا گەيشتە دێی (داری‌كەلی) لای شێخ محمودی حەفيدو لەوێ حەوايەوە.

هەروەهـا مستـەفـا نەريـمان دەربارەی چالاكی حيزبی هيوا دەڵێ: زۆربـەی زۆری ئەنـدامانی حيزبی هيوا لەناوچەی خانەقين و كفری لەگـەڵ رای رەفيق حيلمی سەرۆكی حيـزب بوون. هەروەها توانيمان چەند بڵاوكراوەيێكی ناوچەيی بڵاوبكەينەوە لەژێر ناونيشانی (شێلان) بەزمانی كوردی‌و ئەم بڵاوكراوەيەمان بەئامێری‌چاپی دەستی چاپ دەكرد بەشێـوەيێكی بە نهێنی لە ئەنـدامـە ناسراوەكـانـمان (محمـد قرەداغی‌و عبدالقادر زەنگنەو وهاب قمبرو عبدالرحمن كريم و طاهر صالح و عطا طالبانی‌و محمد نجيب طالبانی‌و ئەحمەد بابان وحسێن حاجی سەمين مصطفى جاف و شوكت جاف و احمد براحمەو شيخ احمد شاكەلی و صابر حاجی فتح الله .) بوون.

دوای هەڵـوەشـانـدنـەوەی حيزبی هيوا زۆرمان لەگەڵ هەوڵدرا كە بچينەريزی حيزبی شيوعی‌يەوە، بەڵام ئێمە نەچووينە ريزی يەوە، بەڵكو لەسەر بيروباوەری نەتەوەيی‌و نيشتمانی خومانماينەوە. لە ساڵی ١٩٤٦ ئێمـە: (مستەفا نەريمان و عطا تاڵەبانی‌و مەلاعەزيز زەنگەنەی (دوانزە ئيمام) و شێخ كەريم تاڵەبانی) لەگەڵ چەند ئەندامێكی‌تر وا بزانم نزيكی (١١) كەس دەبــوين، چاومــان بە (ئيـبراهيم ئەحمـەد) كەوت، لە سلێـمانــی، ئــەوكـاتــە

لێپــرسراوی لقی حيــزبی (ژ.ك) ی كوردستـانی ئێران بوو. چوينـە سلێمانی لەسەر داوای ئيبراهيم ئەحمەد كە چاومان پێ كەوت نامەيێكی مەلا مستـەفـای بۆمـان خوێنـدەوە كە بە هەمـزە عبـدالله يا لە ئێرانەوە ناردبووی. بەڵام چاومان بە هەمزەعبدالله نەكەوت لەبەر هۆی ئاسايشی نەيتوانيبو لەم كۆبوونەوەيە ئامادە بێ. ئيبراهيم ئەحمەد نامەكەی بۆمان خوێندەوە، ناوەرۆكەكەی دەربارەی دامەزراندنی حيزبێكی كوردی بوو لەســەر شێوەی حيزبی ديموكراتی كوردستانی ئێران، هەموو بەگشتی رازی‌بووين لەسەر فيكرەكە بە مەرجێ ناوی لێ‌بنرێ حيزبی ديموكراتی كوردستـانی عێراق. دوای گەرانەوەمان بۆ خانەقين چاومان بە (عزيز پشتيــوان و مەلا سيـد حەكيم) كەوت. لەم چاوپێكـەوتنـەكـە بۆمـان دەركـەوت كە مەلا سيد حەكيم ئاگاداری ئەم جموجۆڵەو چالاكی‌يانە هەيەو پاشان بەناوی ئێمەوە چووە بەغداو دواجار بۆمان روون بووەوە كەوا بەشـداربـووە لە كۆبـوونەوەی (مؤتمر)ی يەكەمی حيزبی ديموكراتی كوردیی تازە لە ١٦ ئابی ساڵی ١٩٤٦.

دەربارەی حيزبی هيوا كەريم زەند دەڵێ:

«حيـزبی هيـوا بەرنامەو پێرەوی ناوخۆی چاپكراوی نەبوو. من و مستـەفـا نەريـمان و محمـد توفيق وردی ئەو سەردەمـە قوتـابخـانـەی مامۆستايانی سەرەتايی بوين لە (الاعظمية) لەشاری بەغدا ئەمە لەساڵی ١٩٤١ دا خواليخۆشبو صالح يوسفی لێپرسراومان بوو، ئەويش قوتابی كۆليجی دار العلوم بوو. جارنەجارێك چاومان بە مكرم تاڵەبانی‌و زەيد ئەحمـەد عوسـمان دەكـەوت، دوو چالاكـترين ئەنـدامی هيوابوون. هەروەها لەگەڵ مامۆستا رەفيق حيلمی سەرۆكی حيزبی هيوا يەكتريمان دەدی. رەفيق حيلمی پياوێكی بێ‌نەفس و نيشتمان پەروەر و دلسۆز بوو.

هيوا لەدێی كەلار (كە ئێستا قەزايە) و سەربە پارێزگای سلێمانی‌يە، كۆبوونەوەيەكی (مؤتمر) بەست. لەم كۆبوونەوەيە رەفيق حيلمی رای بەتەواوی گۆرا دەربارەی ئينگليز. جاران رای وابوو كە گەلی كورد بە رێگای ئينگليزەوە دەتوانێ مافە رەواكانی نەتەوەيی بهێنێتە دی‌و دەوڵەتيش دامـەزرێنێ. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٥ داو لەكـاتی بەستنی كۆبـوونەكەی (كەلار) بەتەواوی راكانی گۆرا، دوای ئەوەی فرتوفێڵەكانی ئينگليزی بۆ بووەوەو چۆن هەڵيان خەڵەتاندبوو.»[٦]

هەروەها صالح حەیدەری دەڵێ:

«سەرەرای نەبوونی سەرچاوەی تەواو دەربارەی حیزبی هیوا، بەڵام من لەکۆتایی ساڵی ١٩٨١ چاوم بەیەکێ لەدامەزرێنەرانی حیزبی هیوا کەوت، ئەویش پاریزەر مستەفا عوزێری‌یە. داوای هەندێ زانیاری شاراوەم لێکرد لەسەر ئەم حیزبە، لە ئەنجام دا وتی: «سەرچاوەی دامەزراندنی ئەم حیزبە شاری هەولێرە، کۆمەڵێ قوتابی خاوەند بیروباوەری نەتەوەیی بریاریان دا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دابمەزرێنن و لەسەرەتادا ناویان نا (دارکەر) پاشان پەرەی سەندو ناونرا (هیوا).

دامەزرێنەرەکانی ئەمانە بوون: مستەفا عوزێری‌و یونس ڕۆوف و جەلال قادرو موسی عبدالصمدو ئیحسان حاجی ئەحمەد باخچەچی‌و هەندێ ئەندامی‌تر. لەئەندامە چالاکەکانی ڕۆستەم عبدالجبار بوو.(٧)

ئەم دامەزرێنەرانە چاویان بە ڕەفیق حیلمی کەوت.. مەبەستیان لەم چاوپێکەوتنە ئەوە بوو کە ڕەفیق حیلمی بکەن بە سەرۆکی حیزبەکە، لەبەر ئەوەی ئەمانە هەموو لاو بوون و لەریزەکانی گەلی کوردو بوارە رامیاری‌یەکان دا نەناسرابوون و پێویستی‌یان بە سەرۆکێکی ناسراو هەبوو، خاوەند رابوردوویێکی نەتەوەیی خاوێن بێ، ڕەفیق حیلمی بەم پێشنیازەیان قایل بوو بەمەرجێ (سەرکردەی) بێ.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٩ بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری بزوتنەوەی کورد، حیزبی هیوا پەرەی‌سەندو ژمارەیێکی زۆر لەقوتابیان و کاسبکاران و ئەفسەران هاتنە ریزیەوە. ئەو سەردەمە سەرۆکی حیزب خاوەند بیروباوەرێکی لیبرالی بوو، هەروەها لەگەڵ ڕێبازی هاریکاری‌کردن بوو لەگەڵ ئینگلیزدا بە ئومێدی وەدست هێنانی دەستکەوتی نەتەوەیی، بەڵام هەروەك باسمان کرد وردە وردە ئەم رایانەی گۆڕا بەرەو ڕێبازی نەتەوەیی ـ تەواو.(٨)

لەساڵی ١٩٤٢ ـ ١٩٤٣ ڕێکخراوی حیزبی هیوا بە تەواوی‌و بەشێوەیێکی فراوان لە هەولێر بڵاوبوبووەوەو زۆربەی زۆری قوتابیانی، هۆشمەندو خاوەند بیروباوەری نەتەوەیی چوبوونە ریزیەوە جگە لە عەناسیرەکانی تریش.

ڕێبازی نەتەوەیی لای ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە هێشتان زۆر روون نەبوبووەوە، بەڵکو تەنها گیانی نەتەوەیی گەرم و گوڕو هەستکردن بەچەوساندنەوە، زاڵ بوبوو بە سەربیروباوەری ئەم قوتابی یانەدا، لەگەڵ مافی رەوای نەتەوەی کوردو یەکێتی‌و تەفروتوناکردنی پەرت کردن کە لەلایەن داگیرکار (استعمار) ئەنجام درابوو، لەگەڵ ئەوەش دا مانعیان نەبوو هاریکاری لەگەڵ یەکێ لە دەوڵەتە داگیرکارەکان بکەن بە مەبەستی رزگاربوون لەچنگی حوکمی عەرەب و تورك و عەجەم و دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆیی بۆ کورد، بەڵام چۆنێتی ئەم دامەزراندنەو لەسەر دەستی کێ دەبێ‌و دیمەنی ئەم حوکمەو پێڕەوی ئابوری چۆن بێ ئەمانەیان «روون نەبوو» (١٥: ل٩٨)

دەربارەی حیزبی هیوا لە کتێبەکەمان «تأریخ الحزب الثوري الکردستاني» بەدوورو درێژی؛ باسمان لێکردووە، لەو نووسینانە:

«حیزبی هیوا کە لە ساڵی ١٩٣٩ دا دامەزرا، یەکێبوو لە دیاری‌ترین و گرنگترین حیزبە کوردی‌یەکان. لە سەرەتای دامەزراندنی لاواز بوو، بەڵام پاشان پەرەی سەندو بووە حیزبێکی گەورە بەتایبەتی دوای شەڕی دووەمی جیهان و ڕەفیق حیلمی هەڵبژێردرا بەسەرۆکی حیزب، هێنانەدی مافەرەواکانی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و خۆرێبەری (الحکم الذاتي) کوردستانی عێراق لە ئامانجە گرنگەکانی حیزبی هیوابوو.» (١٨: ل١٦-١٧).

ڕەفیق حیلمی تێکۆشەرێکی نەتەوەیی بێ‌هاوتابوو، لە ساڵی ١٨٩٨ ز لەدایك بووەو لە ٤ ی ئابی ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە.

بەهۆی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی‌یەوە تووشی چەرمەسەری‌و ئازاربووە لەلایەن کاربەدەستانی کۆنەپەرستی مەلیکێتی ئەو سەردەمە.

لەساڵی ١٩٢٤ دا لەشاری کەرکوکەوە دوورخرایەوە بۆ شاری عیبارە ـ المجر الکبیر ـ وەك مامۆستاییکی قوتابخانەی ئامادەیی.

پێش بوونی بە سەرۆکی حیزبی هیوا بەشداری گەلێ کۆمەڵەو ڕێکخراوی کورد بووە، وەك کۆمەڵەی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٢ و کۆمەڵەی پشتیوان لە ساڵی ١٩٢٧ و کۆمەڵی سەربەخۆیی لەساڵی ١٩٣٠ ز.

لەنووسینە بەناوبانگەکانی: (الکورد منذ فجر التأريخ حتی عام ١٩٢٠) هەروەها (یادداشت) کەی لەشەش بەرگ دا چاپکراون.

حیزبی هیوا دەوری خۆی دژی فاشی‌یەت گێڕا هەروەها سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردی دەکرد شانبەشانی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی گەلانی جیهان لەبەربەرەکانی بیرو باوەڕی نازی‌یەت.. حیزبی هیواجێگای تایبەتی خۆی هەبوو لەناخی دەروونی گەلی کورد لە هەموو کوردستان دا، زۆربەی ڕۆشنبیران و ئەفسەران و زابت سەفەکانی کورد چوبوونە ریزیەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەندامانی‌و لایەنگرانی لە پەرەسەندن دا بوو.

لەساڵی ١٩٤٢ دا حیزبی هیوا (میرحاج ئەحمەد و شەهید مستەفا خۆشناو) ی وەك دوو نوێنەری حیزب ئارد بۆ کوردستانی ئێران.

بەمەبەستی پێوەندی کردن بە سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد لەکوردستانی ئێران داو پتەوکردنە ئەم پێوەندی‌یە لە نێوان هەردوو بزوتنەوەکەدا.

لەئەنجامی ئەم پێوەندی‌یەو پێوەندی‌یەکانی دوایی‌تر لە نێوانیان داو پەرەسەندی چالاکی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران کە زەمینەی کوردستانی ئێران گونجاوو گەیی‌بوو بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی

کوردستـان. ئەوەبـوو کۆمـەڵەی (ژ.ك( - ژیانەوەی کورد) لە ١٦ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٢ دامەزرا.

پاشان کۆمەڵەی (ژ.ك) بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بە دوورو درێژی لە بەشی سێیەمی ئەم نووسینەمان دا باسمان کردووە.

لە ساڵی ١٩٤٣ دا حیزبی هیوا گوڵوڵەی لێژەوە بوو، وردە وردە بەرەو لاوازی ئەرویشت. بەهۆی پەیدا بوونی ناکۆکی لە ریزەکانی‌و بوونی تەییاری راست رەویی‌و چەپ رەوی لەریزی رێکخراوەکانی‌دا زوربەی ئەندامە چەپ رەوەکانی لە حیزب دوور کەوتنەوە.

لەکۆبوونی گشتی (المؤتمر العام) ی حیزب دوو بەرەکی کەوتە نێوان ریزەکانیەوە. باڵی چەپی لێ جیابوەوەو باڵی راستیشی نەیتوانی بەردەوام بێ لە پارتایەتی‌و ناچار بوون حیزبەکە هەڵوەشێننەوە.

ئەمە لە کوردستانی عێراق داو لە کوردستانی ئێرانیش:

«لە ٢٥ ی مانگی شهریوری ساڵی ١٣٢١ رێکەوتی ١٦ ی ئەیلولی ١٩٤٢، چەنـد کەسـانێـك لەشـاری مەهـابـاد لەچینی ناوەراست، بەدزی‌یـەوە دەرچـوونـە دەرەوەی شار بەرێگـای رزائی‌یـەداو لەبـاغی (حـاجی داود) کۆبـوونەوە، لەنزیك «چەمی صابلاخ».. بەمەبەستی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی کوردی ..

بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە چاویان بڕیبوە کوردی عێراق کە لەوان شارەزاترو خاوەند تاقیکردنەوەیێکی زۆربوون لەبواری سیاسی‌دا، ئەو ئێوارانە ئەمان لەباغەکەی (حاجی داود) کۆبوونەوە، رەئیس میرحاج لە کوردستانی عێراقەوە وەك نوێنەری کۆمەڵەیێکی کورد کۆمەڵەی (هیوا) راو راوێـژکـارەکانی هیوای گەیاند بە بەشداربوونانی کۆبوونەوەکە.» (٣٩: ل [٣٢])

لە ئاداری ساڵی ١٩٤٤ محمـد ئەمـین شرفی نوێنـەری حیـزبی (کـۆمـەڵـە) ی کوردستـانی ئێران گەیشتە شاری کەرکوك بەمەبەستی وتوویژکردن و هاوپەیمانیتی لەگەڵ حیزبی (هیوا). نوێنەرانی هیوا ئەمین رەواندووزی‌و عزت عبدالعزیزو مستەفا خۆشناو شێخ قادری حەفیدو سید عزیز شەمزینی‌و رەفیق حیلمی. لەگەڵ محمد امین شەرەفی‌دا وتوویژیان کرد.

لەهـەمـان ساڵ لەسـەرەتـای هاوین دا حیـزبی هیـوا، ئیسـماعیـل شاویس و عوسمان دانش ی نارد بۆ مەهاباد لەرەتدانەوەی زیارەتەکەی محمد امین شەرەفی، نوێنەری کۆمەڵە. هەروەها هەمزە عبداللەو توفیق وردی یش چوونە مەهاباد بۆسەردانی (کۆمەڵە) و پتەوکردنی برایەتی‌و هاوکاریتی لەنێوان هیواو کۆمەڵەدا.

دوکتۆر سید عزیز شمزینی دەربارەی حیزبی هیوا وتویەتی:

لەسـاڵی ١٩٣٩ دا حیـزبی هیـوا لەلایەن هەندێ ئەفسـەری کوردو رۆشنبـیرانی کوردو عەنـاسری پێشکـەوتنخـوازی کورد دامـەزرێنرا، بەنـاوی حیـزبی (هیـوا). بەربـەرەکـانێتی فاشی‌یەت و وەدی هینانی سەربەخۆیی نەتەوەیی‌و دامەزراندنی حوکومەتیکی کوردی‌یان لەئامانجە گرنگەکانیان بوو.

زۆری پێنـەچـوو حیـزبی هیـوا ناوبـانگی دایـەوە لە قووڵایی کوردستانی عێراق دا. ژمارەیێك زۆر لەکەسێتی‌یە دیموکراتی‌یەکانی‌و پێشکەوتنخوازەکانی لە ژێر باڵی‌دا کۆکردەوە. لەسەرەتای دامەزراندی‌دا زیاتر لە هەزارو پێنج سەد ئەندامی کۆکردەوە. زوربەی ئەم ئەندامانە ئەفسەرو نایب زابت و رۆشنبیران و پارێزەران و نۆشدارو مامۆستایان و قوتابیان بوون. جگە لە ژمارەیێکی زۆری دۆستان و لایەنگران.

حیزبی هیوا هەرئەوە نەبێ چالاکی‌یەکانی لەکوردستانی عێراق دا بوو بێ، بەڵکو پەلی هاویشتبوە تورکیاو ئێران و سوریاوەش.

دوای ئەوەی ناوچـەکـانی باکـوری رۆژئـاوای ئێران لەلایـەن کوردەکـانـەوە رزگـارکـرا، حیـزبی هیـوا لە ساڵی ١٩٤٢ بریـاری‌دا دوونـەنـدامی بنێرێ بۆ ئەوێ، ئەم دوو ئەندامەشی مستەفا خۆشناوو رەئیس میرحـاج ئەحمەد بوو، بەمەبەستی پتەوکردنی پێوەندی لەنێوان سەرکـردەکـانی. بزوتنـەوەی کورد لە کوردستـانی ئێران و حیـزبی هیـواداوی ئاڵـوگـۆرکـردنی زانیـاری لەپێنـاوی کرداری هاوبـەش و رێکخستنی کارو بارەکانیان.

بەم جۆرە بارو دۆخی گونجاو و زەمینە خۆش کرا لە کوردستانی ئێران بۆ دامەزراندنی حیزبێکی دیموکراتی کوردی، ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٢ حیزبی (ژیانی کورد)"[١٠]" دامەزرا.

حیـزبی هیـوا تا کۆتـایی ساڵی ١٩٤٣ حیزبێکی پێشکە وتنخواز بوو، هەروەها بەهێزترین حیزبی سیاسی کورد بوو لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی

کورددا لەو سەردەمـەو لەهـەموویانیش رێك وپێك تربوو، سەرەرای ئەمـەش ناکـۆکی‌و دووبـەرەکی لەنـاو ریزەکانی‌دا رواو پەرەی سەندو بۆچون و راکانی بەرەی راست و بەرەی چەپ لەناو خۆی حزب دا یەك دژواری ئەوی‌تـر بوو لەسـەر بەرنـامـەو پلان و دروشم و لێکـدانەوە سیاسی‌یەکانی دەرەوەو ناوەوەی حیزب جگە لە کۆمە لێ ناکۆکی تری نێوانیان." "[١١]"

لە ساڵ ١٩٤٣و لەکاتی شۆرشی کورد لە ناوچەی بارزان، ناکۆکی‌و دووبەرەکی لە ناوەوەی حیزبی هیوا لە نێوان باڵی راست و باڵی چەپ گەیشتە لوتکەی ناکۆکی‌و بەئاشکرا خۆیان دەنواند. لە لایێکی ترەوە داگـیرکـاری بەریتـانیا هەستی بەوە کردبوو کەوا سومعەی هیوا بەرەو باشی‌و پەرەسەندن دەرواو کارتیکردنی لەسەر جەماوەری کورد زۆرە،

ئەمەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردو زیان دەگەیێنێ بە بەرژەوەندەکانی بەریتانیا. بۆیە بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئەم حیزبە لەناو بەرێ بەهەر نرخێك بێ. بۆیە هەوڵیدا حیزبەکە لەناوەو، بن کەندبکاو لێکی بترازێنێ ئەویش بە نانەوەی ئاژاوە لەنێوان باڵی راست و باڵی چەپی حیزبەکە، تا توانی باڵی چەپ لەناوبەرێو تەفرو توناى بکا. کە ئەم باڵە نوێنەری زوربەی ئەندامە رەش و رووتەکان و نیشتمان پەروەرە پێشکەوتنخوازەکان بوو، لەئەفسەران و سەربازان و رۆشنبیران، هەروەها کۆمۆنیستەکان. بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بردبووە بەر عەناسیرە راست رەوەکانی حیزب.

ناکۆکی لەناو حیزبی هیوا لەسەر دوو کێشەی سەرەکی بوو:

یەکەم: گەلی کورد بە چ لایێکی سیاسیدا پێویستە برواو ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی بداو کێشەی نەتەوەیی چارەسەربکا؟ هەروەها پەنابەرێتە بەر کێو بیکا بەپاڵ پشتی خۆی لە خەبات دا؟ ئایا پێویستە پەنا بەرێتە بەر یەکێتی سۆڤیات و سەربازگەی ئیشتراکی، یان پەنا بەرێتە بەر بەریتانیاو سەربازگەی داگیرکار؟

کێ لەم دوو لایەنە یارمەتی گەلی کورد ئەداو پاڵ پشتی دەکا لە پێناوی وەدی هێنانی ئازادیو مافە نەتەوەیی یەکانی؟

دووەم: ئایا پێویستە حیزبی هیوا بەشدارێکی تەواو بکاو بەهەموو کەرەستەو وەسیلە پێکەوە لە شۆرشی کورد لەناو چەی بارزان و سەرکردایەتی شۆرشەکە بگرێتە ئەستۆی خۆیو ئاراستەی بکا، پێویستە دوورە پەرێز راوەستیو بەشدار شۆرشەکە نەبێ بەڵکو تەنها کۆمەکی ماددیو مانەوی بکەن، بەو شێوەیەی سرنجی کاربەدەستانی عێراق رانە کێشێو حوکومەتی بەریتانیاش تورە نەکا؟

باڵی راست رەوی حیزب لەلایەن سەرۆکی حیزبەکەوە رەفیق حیلمی ئاراستە دەکرا، ئەم باڵە داوای ئەوەی دەکرد پیوەندی حیزب لەگەڵ بەریتانیا بەهێز بکرێ، بەو بەڵگەیەی بە هێزەو دەستی بەسەر عێراق دا گرتووە، بۆیە پێویستە لە حیزب رازی بێ، هەروەها لەبەر ئەوەی زۆر زەحمەتە دژایەتی بەریتانیا بکرێ، هەروەها بە بەڵگەی ئەوەی ناکرێ ئیعتیماد بکرێتە سەر یەکێتی سۆڤیات لەبەر دووری لەکوردستان و پاشانیش ناتوانێ یارمەتی گەلی کورد بدا بۆچارەسەرکردنی کێشەکەی. ئەمە دەربارەی ناکۆکی یەکەم، دەربارەی هەڵویستی باڵی راست رەوەکان لەسەر خاڵی دووەم داوایان لە حیزب دەکرد لایەنی بێ لایەنی بگرن لە شۆرش کوردو یارمەتی نەدەن و سەرکردایێتی نەکەن لەبەر ئەوەی بەریتانیا ئەوکاتە تورە دەبێ، لەبەر ئەوەی حوکومەتی عێراق دۆستی بەریتانیاو هاوپەیمانی بوو، هەروەها حوکومەتی عێراق دژی ئەلمانیای هیتلەری بوو، کەواتە شەرکردن دژی حوکومەتی عێراق وەزعی ئینگلیزی نالەبار دەکرد. باڵی چەپرەویش کەبریتی بوون لەزوربەی زۆری رەش و رووتی ئەندامانی حیزبەکە بریتیبوون لە ئەندامانی پێشکەوتوو نیشتمان پەروەران و ئەفسەران و سەربازان و قوتابیان و رۆشنبیران، ئەم باڵە زۆر سوور بوو لە سەر هاریکاری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیات و وڵاتە سۆشیالیستەکان. بەباوەری ئەوان تەنها یەکێتی سۆڤیات دەتوانی یارمەتی کۆششەش و خەباتی کەلی کوردبدا لەبەر ئەوەی هەڵوێستی بەریتانیاو وڵاتە رۆژئاواییەکان روون و ئاشکرابوو بەرامبەر بەکورد.

ئەمە دەربارەی ناکۆکی یەکەم ،دەربارەی ناکۆکی دووەم باڵی چەپرەو داوای دەکرد حیزب بەشداری شۆرشەکە بێ ویارمەتی بدا بەهەموو توانایەوەو هەوڵی سەرکردایەتیشی بدا.

سەرەرای ئەوەی ناکۆکییەکە لەسەر یارمەتیدانی شۆرش زۆر توند نەبوو لە سەرەتای دەست پێکردنیو باڵی چەپ رەو ناچار بوو مل کەچ بێ بۆ زوربەی زۆری ئەندامانی حیزب دەربارەی یارمەتیدانی شۆرش بەماڵ و پروپاگەندە، بەڵام ناکۆکییەکە هەر مایەوەوبن بر نەکرا.

لەمانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٤ کونفرانسی گشتی حیزب لەشاری کەرکووك بەسترا. لەکۆبوونەوەکانی کونفرانسەکە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو باڵی راست رەو چەپ رەو قوولتر بووەوە، دەربارەی هەردوو خاڵی یەکەم و دووەم کە باسیانمان کرد، باڵی چەپ رەودەوری چەپەڵیو نارەوایی بەریتانیای لەکوردستان روون کردەوەو لەو قەناعەتە بوو کەوا کورد بەیارمەتیدانی بەریتانیا رزگاری نابێ، بەڵکو دەبێ پەنا بەرێتە بەر یەکێتی سۆڤیات و بەس، کەدەستی یارمەتی بۆ هەموو بزوتنەوە رزگاریخوازەکان درێژ دەکا، هەروەها داوای کرد بەربەرەکانی هەموو ئەو رایانە بکرێ کە سەربە بەریتانیایە لەناو حیزب دا بەتایبەتیو لەکوردستان دایە گشتی وەك یەکەمین هەنگاویش داوای کرد ژمارەیێك لەقوتابیان بۆ خوێندن بنێرنە یەکێتی سۆڤیات.

بەم جۆرە ناکۆکییەکان و ئاڵۆزی نێوان هەردوو باڵەکە گەیشتە ئەوپەری لە کۆنفرانسەکەوە بووە هۆی دووبەرەکییەکی تەواو و باڵی راستی حیزب جیابووەوە بەسەرۆکایەتی رەفیق حیلمی کە هەموو داواکانی باڵی چەپی رەفزکرد و ئەم باڵە کەواتە جەماعەتی رەفیق حیلمی تا ماوەیێك وەك حیزبی هیوا مانەوەو وردە وردە لاواز دەبووە تا لە ئەنجام دا بەیەکجاری هەڵوەشانەوە. باڵە چەپرەوەکەش چەند تاقمێکی چەپ رەوی تریان لێ دروست بوو بەناوی جۆراوجۆر و بەرنامەی جیا جیا، هەندێکیانیش چوونە ریزی حیزبی شیوعی عیراقییەوە (کوتلەی (القاعدة)و رۆژنامەی (ئازادی) یان دەرچواند.) بەشێکی تریانیش

چوونه ریزی لقی حیزبی (ژ.ك)وه له کوردستانی عێراق دا. بەشێکی تریان حیزبێکی سیاسی نوێیان دامەزراند بەناوی (رێباراست)و زوربەی رێکخراوەکان لەشاری سلێمانی‌بوو هەروەها قوتابیانی بەغدا. بەشێکی‌تریان چوونە ریزی کوتلەی (وحدة النضال)ی حیزبی شیوعی عێراقەوەو لقێکیان لەکوردستان دامەزراند بەناوی (یەکێتی تێکۆشین) و رۆژنامەیکیان دەرچواند بە ناوی (یەکێتی تێکۆشین)"[١٢]"

جگە لەم تاقمانە کوتلەی تریشیان لێ بوەوەو پارچە پارچە بەشێوەی سەربەخۆو لەژێر ناوی جۆراو جۆر کاریان دەکردو لایەنگیری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیان دەکرد.» (٢٠ : ل١٣٢-١٣٤).

دووبارە دەربارەی ناکۆکی‌یەکانی ناوخۆی حیزبی هیواو دەوری داگیرکاری بەریتانیا لە یارمەتی‌دانی ئەم ناکۆکی‌یانە صالح حەیدەری دەڵێ:

«دوکتۆر سەیدعەزیز شەمزینی جۆری تەرکیبی چینایەتی حیزبەکەی لەبیرچوو. لەگەڵ ناکۆکی ناوخۆی حیزب تأسیری بیگانەو چینابەتی‌و بارودۆخی ناوخۆوو عالەمی کە بوونە هۆی زوتر تەقینەوەی ناکۆکی‌یەکان و ئاشکرا بوونیان.. ئیمە ئینکاری تأسیری بیگانە ناکەین لەسەرئەم حیزبە- یان لەسەر هەر حیزبێکی تر- بەلاّم ئەم یەك هۆیەو هۆی جەوهەری دەگەرێتەوە بۆ جۆری پێك هاتنی حیزبەکەو ناکۆکی‌یە چینایەتی‌یەکان و فیکریەکانی.. شەمزینی دەڵێ(ئینگلیز ئیعتیمادیان لەسەر عەناسیرە راست رەوەکان بوو بۆلێدانی عەناسیرە پێشکەوتنخوازەکان تاتوانییان دووریان بخەنەوە). بەلاّم دواجار وادەرکەوت کە ئینگلیز ئاواتەکەی نەهاتەدی بەڵکو بەپێچەوانەوە دوای هەڵوەشاندنەوەی.

حیزبی هیوا، حیزبی (رزگاری کورد)لەدایك بوو، کە گەلێ لە حیزبی هیوا بە هێزترو رێك وپێکترو رێکخستنی بتەوی هەبوو، ویەکێتی راشیان هەبوو و بەماوەیێکی کەم لەناوجەماوەری کورد دەنگی دایەوە.. (١٥ : ٨-٩)

لێرەدا ناتوانین ناوەرۆکی ناکۆکی‌یەکانی نێوان ئەندامانی حیزبی‌هیوا شی بکەینەوە. یان شی کردنەوەی دابەش بوونی حیزبەکەو بوونی بە دووباڵ، باڵێکی راست رەوو باڵێکی‌تری چەپ رەو، یان داماڵاندنی حیزبی هیواو لەقوناغە مێژوو یەکەی‌و هەڵسە نگاندنی بەکێش وتەرازاوی ئەمرۆمان، خۆ ئەگەر ئیعتیماد کردنە سەر یەکێتی سۆڤیات بکەین بەکێش و سەنگ و حوکم بدەین بەسەر ئەم حیزبە، یان ئەو حیزبەو بڵێین حیزبێکی چەپ رەو بوو وابزانین ئەم هەڵسەنگاندن وکێشانە راست نی‌یەو رەواش نی‌یە، خۆ گەلێ حیزبی نەتەوەیی هەبوو پەنای دەبردە بەر یەکێتی سۆڤیات و هاریکاری لەگەڵ دا دەکرد بەبێ ئەوەی چەپ رەو بێ، باشترین نموونەش بۆ ئەم بۆچوونەمان حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێرانە لە ساڵی ١٩٤٦ ئایا ئەم حیزبە حیزبێکی چەپ رەو بوو یان حیزبێکی نەتەوەیی راست رەوبوو هەموو عەناسیرەکانی بریتی بوون لەوکوردانەی کە باوەریان بەخەبات و کۆشەشی نەتەوەیی هەبوو لەپێناوی رزگاری کوردستان و وەدەست هینانی سەربە خۆیی. لە نێوان ئەندامەکانی مەکتەبی‌سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ئەندامی وای تیابوو چەپ رەو نەبوون تا دەگا بەسەرۆکی حیزبەکە شەهید قازی محمد چەپ رەو نەبوو. سەرەرای ئەم تەرکیبەی حیزبەکەش هەموو لەگەڵ ئەوەدابوون هاریکاری یەکێتی سۆڤیات بکەن لە پێناوی وەدی هیناتی سەربەخۆیی کوردستان.

هەروەها بۆچوونەکەی صالح حیدری کەوا هەڵوەشاندنەوەو نەمانی حیزبی هیوا بەو بارەدا نەشکایەوە کە ئینگلیز مەبەستی بوو، بەڵکو بووە هۆی پەیدابوونی حیزبی (رزگاری کورد).. هتد.

حیزبی هیوا بەو جۆرەو بەو شێوەیەی کە باسمان کردووە چۆن دەوری مێژوویی نواندووە لە ریزی جەماوەری کوردستان داوپاڵ بشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردی کردووە وەك روون و ئاشکرایە لەچالاکی‌یەکانی لەگۆرەپانی کوردستان دا لە ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٤، ئایا ئەشێ هەروا بەئاسانی ئەم جۆرە حوکمانە بەسەریا بدەین دەربارەی هەڵوەشاندنەوەو بایەخ ەدان بە دەوری لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورداو لە دایك بوونی حیزبی (رزگاری کورد) دوای بخۆی‌و بەردەوام نەبوونی ئەم حیزبەش کەلە ماوەیێکی زۆر کورت دا تووایەوەو پارتی‌دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دا هاتە کایەوەو بەتاڵی‌یەکانی گۆرەپانی رامیاری لەکوردستان پرکردەوە چۆن دەتوانین بەراوردی نێوان هیواو (رزگاری کورد)بکەین، هیوا لە کوێ‌و (رزگاری کورد)لەکوێ؟ ئینکار کردنی دەوری هیوا هەروا ئاسان نی‌یە. !!

هۆیەکانی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا هەرچێك و هەرچۆنی بووبێ ئیمە باوەرمان وایە ئینگلیز نەی دەتوانی تأسیر بکاتە سەری‌و ئاگری ناکۆکی‌یەکانی ناوخۆی خۆش بکا، ئەگەر حیزبەکە خۆی لەناوەوە ریزەکانی بەکگرتوو و گونجاو بوایەو چەکدار بوایە بە دیهانەیێکی(نظرية) شۆرشگێرانە.

نەبوونی دیهانەیێکی شۆرشگێرانەو نارێکی جۆری دارشتنی چینایەتی‌و ئایدیولۆجی تا دەگا بە شێوەی دانانی سەرۆکی حیزبەکە، هەموو ئەم هۆیانەو هۆیەکانی تریش کە باسیانمان کردووە لەتروسینەکەمان دا بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکە. بەم جۆرە هیوا مەیدانی سیاسی بە چۆڵی دوای خۆی هێشتبەوەو تا پارتی دیموکراتی

کوردستانیش کەلە ١٦ئابی ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا یەکسەر نەیتوانی ئەم بەتاڵاییە پڕ بکاتەوە بەڵکو چەند ساڵێکی پێچوو ئنجا توانی دەوری خۆی ببینێ.

دەربارەی پێوەندییەکانی نێوان حیزبی هیواو مەلامستەفای بارزانیو پێوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ بەریتانیاو نارەزایی هیوا لە ئنگلیز کۆتشبرا دەڵێ:

«مەلا مستەفای بارزانی چەك و مووچەو(الرواتب)و داو دەرمانی لەحیزبی هیوا وەردەگرت و ئابلوقە درابوو لەچیاکانی کوردستان لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥.

دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیواو پاشان چوونی ئەندامانی بۆ ریزەکانی کۆمەڵە کوردیەکانی تر کۆتشبرا دەڵێ:

«بەهەرحاڵ باڵی چەپ ڕەوی بزوتنەوەی کورد بەلای کەمەوە زیاتر لەباڵی راست ڕەوی بەش بەش بوبوون، لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥حیزبی هیوا بەلانی کەمەوە بووە چواز بەشی جۆراو جۆر:

جەماعەتی «شۆڕش»کە ئەندامانی لەسنوری ٣٠٠تا ٥٠٠کەس نەبوو شۆڕش لەواقع دا بەشێك بوو لە حیزبی کوردستانی عێراق، ئەم حیزبە
بەناوی ڕۆژنامەکەیەوە ناو دەبرا ڕۆژنامەی (شۆڕش) سەرکردەکانی شۆڕش، علي عبداللەو نوری شاویس و جمال حیدریو صالح حیدری بوون.

جەماعەتی دووەم، جەماعەتی (رزگاری)بوو، قەوارەی ئەندامانی لەسنوری ٥٠٠٠تا ٦٠٠٠کەس ئەبوو کە پاشان بووە بناغەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق جگە لە سەرکردە ناسراوەکانی (دوکتۆر جعفر محمد کریم و دوکتۆر صدیق ئەتروشیو طە محي الدين مەعروف) یانیش لەگەڵ دا بوون.

ڕێو شوێنی حیزبی هیوا لەبەرەی نەتەوەیی کورد بەتایبەتی پێوەندی لەگەڵ ماجد مصطفیدا یەکێ بوو لەگیرو وگرفتەکانی کە بووە هۆی پارچە پارچە بوونی و کێشەیێك بوو پێوەندی بەحیزبی شیوعي عێراقیشەوە هەبوو.» (٢٦ : ل١٦٣).

کۆمەڵەیێکی تریش لەو سەردەمە دامەزرا بەناوی (نەجات و ئازادی)لەم رووەوە معروف جیاووك دەڵێ:

«رەئیس ڕۆکن عزت عبدالعزیز چوو بۆ سوریاو میسرو دوو مانگ ئیجازەی وەرگرتبوو گەرایەوە بۆ بەغدا تاوانبارکرا بەوەی کەوا پێوەندی کردووە بە حیزبی (خۆیبوون) لەبەیرووت، دوای گەرانەوەی ناچار هەڵات بۆ بارزان ، چونکی سیخورەکانی حوکوومەت چاوە دێرییان دەکرد. بەچوونی مصطفی خۆشناو لە بێتواتەو بکر عبدالکریم و چەند کەسانێکی تریش لە سووچەخۆرەکان بۆکوردستان ئەڵقەکانی[٧] زنجیرەکەیان تەواوکردو کۆمەڵەیێکیان بەناوی (النجاة والحرية) نەجات و ئازادی دامەزراندو دەستیان کردبە پێوەندی کردن لەگەڵ باڵوێزەکانی دەرەوەو هەروەها بەیاننامەکانیان بۆ سەرۆکی وەزیرانی عێراق رەوانە کرد دەربارەی ئەو زوڵم زۆرەی تووشیان بوبوو، بەتایبەتی زوڵمی وەزارەتی بەرگری وهۆیەکانی وازهێنانیان لە وەزیفەکانیان و هەڵاتنیان بۆ بارزان . داوایان لە حوکومەت دەکرد وازیان لێبێنێو خەریکی چاك کردنی وەزعی وڵات بن و ئاوەدانی بکەنەوە کە لەوەو پێش بریار بوو بیکەن. بەڵام حوکومەت بایەخی بەداواکانیان نەدەدا. کە مەیوس بوون بریاریان دا هەوڵ بدەن کوردستان لەزوڵم و زۆریان رزگار بکەن و داوای ئەنجام دانی داپەروەری کۆمەڵایەتی بکەن لەو وڵاتانەی دژی حوکومەتی عێراق بوون و خۆ ئەگەر حوکومەت هیچ لەم بوارەوە نەدا بەهەموو شێوەیێك خەباتی بەرگری بکەن» (٩: ل١٦٨)

## حیزبی شۆڕش:

دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا باڵی چەپ ڕەوی هەر وەك باسمان کردووە بەسەر چەند باڵێك دا دابەش بوون، بەشێکیان چوونە ریزی حیزبی شیوعی عێراقەوە جەماعەتی (القاعدة)بەشێکی تریانیش چوونە ریزی جەماعەتی (وحدة النضال).

جەماعەتی (القاعدة) ڕۆژنامەی (القاعدة) یان دەردەچواندو جەماعەتی (وحدة النضال) لقەکەیان لە کوردستان ناوبرابە (یەکێتی تێکۆشین)و ڕۆژنامەکەیانیش هەر (یەکێتی تێکۆشین)بوو[١٩] .

یەکێتی تێکۆشین پێوەندی بەهێزبوو لەگەڵ حیزبی هیوا بۆیە دوای نەمانی حیزبی هیوا زوربەی ڕۆشنبیرە چەپ ڕەوەکانی هیوا چوونە ریزی ئەم حیزبەوە، لەبەر ئەوەی باوەری بە خەباتی نەتەوەییو شۆڕشگێریتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد هەبوو.

لەلایێکیترەوە وتوویژ هەبوو لەنێوان یەکێتی تێکۆشین و حیزبی شیوعی عێراقی دەربارەی یەکخستنی ریزەکانیان و رێکخستن سەرکردایەتی لقی کوردستان بەڵام نەگەیشتنە ئەنجامێك پاشان (یەکێتی

تێکۆشین) لەکۆتایی پاییزی ساڵی ١٩٤٤ حیزبی شیوعي کوردستانی عێراقي دامەزراند و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌یان بریتی بوون لە:

- (صالح الحیدري سکرتیري حیزب و نافع یونس و علي عبدالله‌و عبدالکریم توفیق و رشید عبدالقادر و عبدالصمد محمد ونوري محمد امین).

ڕۆژنامەی (شۆڕش) زمانی ناوەندی حیزب بوو. حیزبەکەش هەر بەناوی ڕۆژنامەکەوە ناسرا. پاشان حیزبی شۆڕش دەست پێشخەری کردو نامەی ئاراستەی کۆمەڵەو حزبە کوردی‌یەکانی تری کرد بۆ دامەزراندنی حیزبی (ڕزگاری) لە سەرەتای زستانی ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا.

دەربارەی پێڕەوەی ناوخۆی ڕێکخراوی شۆڕش صالح حەیدەری دەڵێ:

پێڕەوی ناوخۆی شۆڕش جیاوازێکی‌وای نەبوو لەگەڵ پێڕەوی هەر حیزبێکی شیوعی‌تر، ڕێکخستن لەسەر بنچینەی شانەو پالاوتن بۆ ئەندامەتی‌و مافەکانی ئەندام و ئەرکەکانی (دیموکراتی‌یەتی ناوەندی‌و دەسپیلینی حیزبی‌و هەموو باوەڕە مارکنسی‌یەکانی ڕێکخستن ئەمانە هەموو ئەنجام دەدران و پێڕەویان پێ دەکرا لە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی شۆڕش، لە ئامانجەکانی شۆڕش بەربەرەکانی کردنی داگیرکارو نۆکەرانی چ بێگانە بن یان عێراقي بن، هەروەها هەوڵدان بۆ پێشەسازی کردنی وڵات و بەربەرەکانی کردنی دەربەگایەتی‌و دابەشکردنی زەوی‌یە ئەمیری یەکان بەسەر جوتیاران داو لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریان لە بواری ڕامیاری‌و ئابوری‌و لەش ساغی‌و ڕۆشنبیری‌دا. لەگەڵ هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی بەڕێوە بەرایەتی لامەرکەزی بۆ کورد ستانی عێراق و ودانی مافی ڕۆشنبیری‌و بەڕێوەبەرایەتی بە گەلی کورد. هەروەها یارمەتی دان و پاڵ پشت کردنی بزوتنەوەی گەلان لەخەباتیان دا دژی داگیرکارو فاشی یەت، هەوڵ دان لەپێناوی یەکێتی نەتەوەی کورد لەپاشەڕۆژێکی دووورتردا، پاڵ پشتی کردنی خەباتی گەلی کورد لەو پارچانەی بەستراونەتەوە بە تورکیاو ئێران و بەمەبەستی دان نان بە قەوارەی نەتەوەیی‌و مافە ڕۆشنبیری‌یەکانی‌و بەڕێوبەرایەتی‌کانی‌دا.. هتد (١٥: ل ٢٨-٢٩)

دەربارەی دامەزراندنی حیزبی (ڕزگاری کورد) حیزبی شۆڕش بەیانێکی دەرکرد، دەربارەی ئەم بەیانە صالح حەیدەری دەڵێ (دەستمان کرد بە یەکەم هەنگاو ئەویش بە نەخشەکێشانی هەنگاوە پێویستی‌یەکانی دامەزراندنی حیزبێکی تازە، کە بەلای ئێمەوە دەبێتە حیزبی گشتمان و بەرەیێکی نیشتمانی شۆڕشگێڕ، کە هەموو گەلی کورد ڕێك بخاو سازیان بدا بەرەو ڕێبازی بزوتنەوەی دیموکراتی‌یەت. بەیانەکە لەژێر دوو دروشم دا، دەرچوو: (یەك بگرن بۆ دامەزراندنی حیزبی ڕزگاری کورد) (خەبات بکەن بۆ داپلۆسینی پلانەکانی داگیرکارو کۆنەپەرستان).

بەیانەنەکە بەم جۆرە بوو:

لەم ڕۆژنەدا کەشەڕ کۆتایی پێ هاتووە بە سەرکەوتنی باوەڕی ئازادی‌و نزیك بوونەوەو پوچ بوونەوەی بنچینەکانی هێزی داگیرکارو کۆنەپەرست لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ئەویش بەنەمانی هێزەکانی وڵاتە فاشی‌یەکان. هەموو نەتەوە بچووکەکان و چەوساوەکان لە جیهان دا کە خەباتیان دەکردو خوێنی ئاڵیان دەڕژاند، چاوەڕانن و داوای ئازادی‌و مافە نەتەوی‌یە ڕەواکانیان دەکەت تا دەگا بەمافی چارەنووس بەپێی بارو دۆخی ئێستای جیهان و

بەڵگەنامەکانی کە وڵاتە یەکگرتووەکان جاڕیان دابوو. بەڵام پێویستە بزانین کەوا پیلانەکانی داگیرکارو کۆنەپەرستان لەکار نەکەوتوونەو بەردەوامن لە هەوڵدانیان بە هەموو توانا بیکیانەوە، بۆیە ئازادی گاڵتەی پێ‌ناکرێ‌و بەئاسانی نایێتەدی ،بەڵکو دەبێ بەزۆر بسەندرێ، بەهێزو بازوی جەماوەری گەل و نیشتمان پەروەرە دڵسۆزەکان. ئەم بیروباوەڕانەش بەکردەوە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هاتە کایەوە، بەناوی (بەرەی بەربەرەکانی لە فەرەنساو بەرەی ڕۆژگار لە یونان و بەرەی‌ڕزگاردنی وڵات لەیوغوسلافیا) دەستیان کرد بەخەبات کۆشش دژی هێزەکانی کۆنەپەرست و داگیرکار.

نەتەوەی کوردی دابەشکراو بەپێی پلانەکان و چاوچنۆکی داگیرکار پێویستە لەسەری خەبات بکا لەپێناوی چارەنووس و ڕزگارکردنی کوردستان، ئەویش بە لەناودانی داگیرکاری ئینگلیزو نۆکەرانی‌و ڕێ برین لێ‌یان، بە بەکارهێنانی هێزێکی ڕێکخراوو ئامادە لە هەموو ناوچە کوردی‌یەکان دا هێزێکی یەکگرتوی تەواو، لەم ڕۆژانەش دا حیزبی گشت جەماوەر حیزبی (ڕزگاری کورد) پێویستە پێك بێ لە هەموو کۆمەڵە کوردی‌یە بچووکە عێراقی‌یەکان و لەئەنجامی هەوڵدانەکانی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق و نیشتمان پەروەرانی تریش.

لەگەڵ ئەوەی حیزبی شیوعی وەك خۆی ئەمێنێتەوە بەڵام هاریکاری دەکا بەتەواوی بۆ گەیشتن بەم ئامانجەی ئێستا. ئەم حیزبە تەقەلای داوەو تەقەلا دەدا لە پێناوی ڕزگارکردنی وڵات.

لەکۆتایی‌دا ئێمەی حیزبی شیوعی بانگی جەماوەری گەلی کوردی خۆشەویست دەکەین بۆ کارکردن لەپێناوی پێشخستنی حیزبی (ڕزگاری کورد) و یارمەتی‌دانی‌و بەهەموو هێزی دەنگمان داوا لە هەموو نیشتمان پەروەران دەکەین لە هەر شوێنێك کەم تەرخەمی نەکەن لەیاریدەدانی حیزبی (ڕزگاری کورد). (٢١: ل ٢٥-٢٧)

## مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانی - عیراق

کاتێ کە بەیانەکەی حیزبی شۆڕش شیدەکەینەوە بەئاشکرا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم حیزبە هەوڵی دەدا لە پێناوی دامەزراندنی حیزبێکی نەتەوەیی دیموکراتی کوردی نوێ، حیزبێك باوەڕی بەتێکۆشانی هاوسانی نێوان کوردو عەرەب هەبێ، بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەڕێگاییکی دروست دا بەرێ لە قۆناغی ڕزگاری کورد). حیزبی شۆڕش لەم ڕێگەیەوە بۆ مەسەلەکە دەچوو، چونکە پاشینەی ئەندامە سەرکردایەتی‌یەکانی شۆڕش ئاشکرابوو پاشینەییکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازبوو. تا دەگا بە ناونانی حیزبەکەیان بەحیزبی شیوعی کوردستانی عێراق (شۆڕش) ناونانێکی ئاسایی نەبوو) یان لەئەنجامی تێکەولێکەیێکی کۆمەڵایەتی‌و پێویستێکی مێژویی نەبوو بۆ حیزبێکی شیوعی دەستکرد، بۆیە دەبینین بەم ناوەوە زۆر دەوامی نەکردو سەرکردەکەی هەوڵی هینانە دی حیزبێکی نوێ‌یان دەدا دوای حیزبی (ڕزگاری کورد) ئەوەبوو (پارتی دیموکراتی کورد) لەدایك بوو دوای موتروبە کردنی هەردوو حیزبی (شۆڕش و ڕزگاری) پێکەوەو دواجار دینە سەر ئەم حیزبەش.

### حیزبی ڕزگاری کورد:

دامەزراندنی حیزبی (ڕزگاری کورد) وەك باسمان کرد، لەئەنجامی کۆششی حیزبی (شۆڕش) بوو، ئەویش بەپێی پێویستی‌یە مێژویی‌یەکانی لەدایك بوونی حیزبێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز نوێنەری بەرەی یەکگرتوی نیشتمان پەروەرانی کوردستانی عێراق بێ. خەبات بکا لەپێناوی بزوتنەوەی دیموکراتی‌یەت لەعیراق دا دژی داگیرکارو کۆنەپەرست و دەرەبەگە، لەپێناوی مافەکانی نەتەوەیی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دا لەئەنجامی هەوڵدانەکان و پێوەندی کردنەکانی نێوان سەرکردەکان (شۆڕش) و ژمارەیێك لە ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازو کەسانێکی بەناوبانگی ناسراوی تری کورد لەو سەردەمە گەیشتنە دامەزراندنی حیزبی (ڕزگاری) لەشوباتی ساڵی ١٩٤٥ دا.

سەرکردایەتی حیزبەکەش لەم ناوانەی خوارەوە پێك هاتبوو:
(صالح حەیدەری لەحیزبی شۆڕش، دوکتۆر جعفر محمد کریم، سەربەخۆ، نوری شاویس لە حیزبی شۆڕش، نوری محمد أمین لە حیزبی شۆڕش، رشید باجەلان، سەربەخۆ، طه محي الدين معروف، سەربەخۆ.)

ئیمە لەبەر ئەوەی صالح حەیدەری ددانەمۆی بزوتنەوەکە بوو لەو سەردەمەو سەرچاوەی یەکەمی دامەزراندنی حیزبی (شۆڕش) و (ڕزگاری کورد) بوو، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەوی لە یادداشتە کەی تۆماری کردووە لەم ڕووەوەو دەربارەی چۆنێتی دامەزراندنی حیزبی ڕزگاری کورد بڵاوی بکەینەوە:

ولەسەرەتای ساڵی ١٩٤٥ وەك بزانم ئیمەی مارکسیی کورد کە ڕێکخراوی (شۆڕش) مان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ دامەزراندبوو بە مەبەستی ڕێکخستنی هەموو نەتەوەیی خوازەکان و کوردە دیموکراتی خوازەکان لەریزی حیزبێکی فراوان دا، بارودۆخی بابەتی‌و زاتی سازبوون بۆ ئەم مەبەستە، بەتایبەتی کە دوو تەیاری دیاری پەیدا بوبوو.

لە ڕیزەکانی حیزبی هیوادا: تەیاری ڕاست ڕەوی لیبرالی، کە ئەیویست هەرچی کوردە کۆیان بکاتەوە لە حیزبێك دا لەڕاست ڕەوی‌یەوە تا دەگا بە چەپ ڕەویی، لەدەرەبەگ و بازرگان و ڕۆشنبیرو ئەفسەرو قوتابی‌و کاسبکارو کرێکار بەبێ گوێدان بە جۆرو فیکرو بیرو باوەڕیان، تەنها هەستی نەتەوەیی‌یان هەبێ‌و بەس. بەبێ گوێدان بە بەرژەوەندی‌یە چینایەتی‌یەکانی ڕەنجدەران بەو بەڵگەیەی قۆناغەکە قۆناغی نەتەوەیی‌یە، پێویستە ناکۆکی‌یەکانی چینایەتی لەم قۆناغە تەجمید بکرێ‌و ئاشتی چینایەتی، هاریکاری کۆمەڵایەتی باڵ بەسەر کۆمەڵی کوردەواری‌دا ڕابکێشێ‌و هەموو تواناکان بۆ مافی نەتەوەیی تەرخان بکرێ‌و بخرێتە گرو هەموو ئەو تەیارانەی نامۆن بەنیسبەت کۆمەڵی کوردەواری بەربەرەکانی بکرێن تا ئەو کاتەی کورد دەگا بە مافەڕەواکانی‌و لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێ، ئەوکاتە دەمەتەقێ لەسەر باشترین و گونجاوترین بیروڕا دەکرێ کە لە گەڵ قۆناغی نوێی گەلی کورددا دەگونجێن و بەرژەوەندی گەلی کوردی پێ ئەنجام دەدرێ. سیاسەتی خۆش باوەڕە باڵی بەسەر ئەندامانی حیزبی هیوادا ڕاکێشابوو، لەو باوەڕی بوون کە دەکرێ لەگەڵ داگیرکاردا مامڵەت بکرێ‌و سوود لە هەڵوێستەکانی وەربگیردرێت، بەتایبەتی ئەم بیرو باوەڕانە لە مێشکی باڵی ڕاست ڕەوەکانی شەوقی دەدایەوە.

تەیارێکی شۆڕشگێرانەی نوێش کەبریتی بوو لە لاوەکان نوێنەری هێزەکانی نەتەوەیی بوون بنیاتی بیروڕا پێشکەوتنخوازەکانی‌و سۆشیالیستی‌یەکانی‌یان ئەنجام دەدا، ئەم تەیارە ئەم بیروباوەڕانەی کردبوو بە ئاوێنەی ڕێڕەوکەی‌و ڕاوێژکاریان لە خەباتیان داو لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیروڕاپانە بارودۆخ و هەڵوێستی کۆمەڵیان هەڵ دەسەنگاند بەرامبەر داگیرکارو سۆشیالیستی‌یەت. بەو باوەڕەی بەپاڵ پشتێتی

نەبوون بەوەی ئەندامێکی شۆڕش لە هەردوو ڕێکخراوەکان دا ئەندام بێ و چۆن دەتوانێ لەیەك كات دا پارێزگاری ڕاو هەڵوێستەکانی وەك یەك بۆ هەردوو حیزبەکە بپارێزێ. ئێمەش بۆیانمان ڕوون کردەوە کە هێڵی گشتی هەردوو حیزبەکە یەك هێڵ دەبێ، ئەو ئەندامانەی لەشۆڕشەوە دێنە ڕیزی حیزبە تازەکەو شەرەفی ئەندامەتی حیزبی شۆڕشیانیش هەر ئەمێنێ، ئەم ئەندامانە هەموو چالاکی‌یەکانیان بۆ حیزبە تازەکە تەرخان دەکەن. کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات بەبێ ئەوەی بگەینە هیچ ئەنجامێك .

بۆیە بڕیارمان دا لەیەك لاوە کاری بۆ بکەین و ڕۆژنامەی (شۆڕش) مان دەرچواند - دواجار باسی زەحمەتی‌یەکانی چاپکردنی شۆڕش باس دەکەین - پەیوەندیمان بەعەناسیرە دڵسۆزەکانی حیزبی هیواوەکرد لەگەڵ عەناسیرە کوردە دیموکراتی‌یەکان بە جیا جیا، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە ئێمە نیازمان پاکەو مەبەستمان خزمەتکردنی کێشەی گەلی کوردە، بڕیارمان دا هاریکاریمان لەگەڵ دا بکەن و هەندێ لەوانەی ڕایان لە گەڵمانا نەبوو لەسەرەتادا پاشان ڕاکانیان گۆڕی‌و قەناعەتیان هێنا... ئیتر ئەوەبوو دەستەی سەرکردایەتی حیزبە تازەکە بەم جۆرە دامەزرا:

(صالح حیدری، لە هەولێر، نافع یونس لە هەولێر، نوری صدیق شاویس لەسلێمانی، نوری محمد امین لەسلێمانی، طه محی‌الدین معروف لە سلێمانی، مەلا سەید حکیم لە خانقین، دوکتۆر جعفر محمد کریم لەبەغدا).

من و خوالێخۆشبو نافع نوێنەری ڕەسمی ڕێکخراوی شۆڕش بووین لە سەرکردایەتی حیزبی (ڕزگاری) و بەمارکسییش ناسرابووین، بۆ ئەوەی زامنی بڕیارەکانی سەرکردایەتی ڕزگار بکەین و نەهێڵین ناکۆکی لە نێوان بڕیارەکانی شۆڕش و ڕزگاری ڕووبدا، بڕیارمان دا دوو ئەندامی شۆڕش بێنە ڕیزی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، بەبێ ئەوەی پێناسەکانیان ئاشکرا بکەین. بەئاشکرا ئەندامی ڕزگاری بن و لە ڕاستیش دا ئەندامی هەردوو حیزبەکە بن و باوەڕیانیش وابوو کە ئەمە خزمەتی ڕزگاری دەکا. بەو باوەڕەی شۆڕش سیاسەتی ڕزگاری ئاراستە دەکا. بەم پێیە نوێنەرانی ڕێکخراوی شۆڕش بوون بە چوار ئەندام لە حەوت ئەندامی سەرکردایەتی. بەم پێیە زۆربەی ئەندامەتی سەرکردایەتی ڕزگاریمان بۆ خۆمان زامن کردو ناو حیزبەکەمان نا (ڕزگاری کورد) ئەم دوو ئەندامانەش کە ئەندامەتییان لە حیزبی شۆڕش ئاشکرا نەکرابوو نوری صدیق شاویس و نوری محمد ئەمسن بوون وەك بزانم.» (ل: ٥٢-٥٦)

ئێمە لێرەدا بە پێویستمان زانی ڕای خۆمان دەربڕین لەسەر چۆنێتی دامەزراندنی حیزبی (ڕزگاری کورد) وەك لە یادداشتەکەی صالح ڕەنجدەرانی گەلی کوردی کە هێزی سەرەکی گەلە پێویستە پەنا بەرنە بەری‌و هەوڵیان بۆ بدرێ‌و ڕزگار بکرێن لەبواری سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بەسەرکردایەتی پێشرەوە شۆڕشگێڕەکانیان.

هەروەکو باسمان کرد ناکۆکی لە ساڵی ١٩٤٣ وە لەڕیزەکانی حیزبی هیوا تەشەنەی کردبوو، ڕووداوەکانی بارزان و گەشەکردنی بزوتنەوەی نیشتمانی عیراق و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشی نەتەوەیی لەکوردستانی ئێران و سەرکەوتنەکانی گەلان دژی فاشی‌یەت و نازی‌یەت و خەباتی عەناسیرە مارکسی‌یەکان و پێشکەوتنخوازە کوردەکان، هەموو ئەمانە ناکۆکی‌یەکانی ناو حیزبی هیوای قووڵتر کردەوە، تا گەیشتە پلەی لووتکەو گەیینی تەواو وئیتر ماوەی پێکەوە ژیان نەماو دەبوایا جیابوونەوەکە بەتەقێتەوە، جیابوونەوەی بەرەی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە بەرەی تەییاری لیبراڵی‌و تەقلیدی‌و بەمەبەستی هاریکاری‌کردن لەگەڵ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەی کورد کە بریتی‌بوو لەعەناسیرە مارکسی‌یە کوردەکان و ڕێکخستنی ڕێکخراوێکی تازە.

لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی چالاکی حیزبی هیوا کەوتینە وتووێژەوە، لەبەغدا، لەوانە، علی حمدی، ئەندامێکی کۆنی حیزبی هیوا، لەگەڵ هەندێ لەکورە ئاغاکانی هەولێر لەوانە: کانەبی‌و جەوهەر عەزیز دزەیی‌و چەند کەسانێکی تریش بەتەواوی ناویانم لەیاد نەماوە، فیکرەکەمان خستە ڕوو، لەگەڵ پێویستێتی ڕاپەراندن و ئەنجام دانی بەو باوەڕەی بارودۆخەکە گونجاوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان، هەموو ڕێك کەوتین، بەڵام مەرجێکمان دانا، ئەویش پێویستێتی مانەوەی حیزبی شۆڕش و بەشدار بوونی هەندێ لە ئەندامانێ لە ڕێکخراوە تازەکەدا. ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە چینی کرێکاری کورد سەرەڕای کەمی ژمارەیان پێویستی بە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی تایبەت بەکرێکارانی هەیە، ئەگەر چی لەسەر دیمەنی ناوکێکی بچووکیش بێ، چونکی ناگونجی بەرژەوەندە تایبەتەکانیان لەناو بەرژەوەندەکانی چینەکانی‌تر بتوێنەوە، هەروەها مانەوەی ئەم ڕێکخستنە دەبێتە هۆی سازکردن و هاندان و ڕێکخستنی کۆمەڵەیێکی پێشکەوتنخوازی نوێ وەك کەرەستەیێکی تایبەت بەکادرە هۆشمەندەکان و هەڵسانیان بە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا تازەکە. بەتایبەتی ئەم حیزبە تازەیەی کە دروست دەبێ، پێویستی بەشارەزایی‌و تاقیکردنەوەکانی حیزبی شۆڕش دەبێ، بۆیە نابێ ئەم حیزبە هەڵ بوەشێتەوە.

ئێمە سووربووین لەسەر ئەوەی حیزبە تازەکە سەرناکەوێ بەبێ بوونی حیزبی شۆڕش، بەڵام بڕیارمان دا کەوا هەموو چالاکی‌یە جەماوەری‌یەکان بەناوی حیزبە تازەکەوە ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی جەماوەری کوردی لێ کۆببێتەوەو کاربکاتە سەر بواری نیشتمانی‌و نەتەوەیی جیهانی.. لێرەدا هەندێ لە ئەندامانی حیزبی هیوا ڕازی

حەیدەری‌دا هاتووە، دامەزرێنەری راستەقینەی ئەم حیزبە، کە صالح حەیدەری دەورێکی سەرەکی چالاکانەی نواندووە لە گەشە پێدانی دامەزراندنی حیزبێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، بەمەرجێك ئەم حیزبە نەتەوەیی‌یە پێشکەوتنخوازە کەرەستەیێکی مل کەچ بێ‌و هەمیشە لە ئاسانی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق دا بخولێتەوە. ئەگەر وانی‌یە ئەی بەچی‌و بە چ جۆرێك مانەوەی حیزبی شۆرش لێك ئەداتەوە لە کاتێك دا دوو ئەندامی چالاکیشی بئاخنێتە ناو ریزی سەرکردایەتی حزبە تازەکەوە حیزبی (رزگاری کورد) بە بێ ئەوەی پێناسەکانیان ئاشکرابکا وەك دوو ئەندامی شۆرش، ـ یان باشتر بڵێین وەك دوو شیوعی ـ ئەمە جگە لە دوو ئەندامی تری ئاشکرای حیزبی شۆرش و زامن کردنی زوربەی ژمارە لە سەرکردایەتی حیزبە تازەکە، چوار نوێنەر لە حەوت ئەندامی دەستەی سەرکردایەتی. ئەم کردەوە نا ئەمینانە لە کاری حیزبایەتی‌داو لەخەباتی سیاسی‌دا لەمەیدانی کوردستان داو لەمەیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا لە

سالانی چلەکانی سەدەی بیستەم، کە صالح حەیدەری‌و هاورێکانی پێی هەڵساون لە حیزبی شۆرش و پاشەرۆژیش حیزبی شیوعی عێراق، تا ئێستاش شوێنەوارو کارتێکردنی ناهەمواری ماوەتەوە لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، زوربەی دووبەرەکی‌یەکانی ناو ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان تا سالی ١٩٦٤ هۆیەکانی دەگەرێتەوە بۆ بوونی ئەندامی سەرکردایەتی (مزدوج) لەریزەکانی سەرکردایەتی‌یەکەی، کە حیزبی شیوعی توانیبووی بیان ئاخنێتە ریزەکانی پارتی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردەوە، ئەمە بە دوورو درێژی باس دەکەین کاتی کە دەگەینە سەر بابەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پەردە لادان لەسەر بەڵگەنهێنی‌یەکانی ئەم کارە نالەبارە.

بەڵێ صالح حەیدەری نووسەری یادداشتەکە کە لێرەدا ئاماژەمان بۆی کردووە. بەردەوام بووە لە یاریکردنی (ازدواجیە) و دروستکردنی (کوتلەو گروپ) لەناو ئەو حیزبانەی تیای‌دا ئەندام بووە تا کۆتایی سالی ١٩٧٦ وەك من بزانم.

دەربارەی پێویستێتی مانەوەی (شۆرش) وەك حیزبێکی چینی کرێکار، ئەمە بەپێی بۆچوونی ئێمە هەڵەیێکی‌ترە سەرکردایەتی (شۆرش) کردوویانە، نووسەری یادداشتەکە باسی ئەوەی کردووە کەوا مەرجێکیان داناوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان لە دامەزراندنی حیزبی رزگاری کورد، مەرجەکەش ئەوەیە کەمارکسی‌یە کوردەکان وەك ئەندامی شۆرش بمێننەوە سەرەرای ئەوەی دەبنە ئەندامی حیزبی رزگاری‌کورد، بەو بەڵگەیەی چینی کرێکاری کورد پێویستە

رێکخراوی سەربەخۆی هەبێ. . . هتد.

ئەم رایە یان باشتر بڵێین (إتجاه) بە تائێستاش کۆسپێکە لەرێگای بزوتنەوەی کوردو ئیتجاهە سیاسی‌یەکانی‌و بونەتە هۆی پێش نەکەوتن و سەرنەکەوتن و پەرەنەسەندنی حیزبە کوردستانی‌یەکان، نازانم نووسەری یادداشتەکە صالح حەیدەری بەڵگەی چی‌یە بۆبوونی حیزبێکی‌وا، حیزبی چینی کرێکارو چینی کرێکار هێشتان وجودی نی‌یە لە گۆرەپانی حیزبایەتی‌یەکەدا، بابگەرێینەوە بوتەرکیبی دەستەی سەرکردایەتی حیزبی شۆرش و بزانین لە کێ‌و چۆن پێك هاتووە:

(صالح حیدری‌و نافع یونس و علی عبداللە‌و جمال حیدری‌و موسی سلیمان و حمید عثمان و نوری شاویس و شێخە شەل و چەند کەسانێکی‌تر.)

سەیری ئەم ناوانەبکەین دەبینین کەسیان لە چینی‌کرێکار نین و داواش دەکەن حیزبێکی چینی کرێکار هەبێ‌و حیزبەکەی خۆیانیش بەم حیزبە ئەزانن و گوایا نوێنەری کرێکارن. ئەگەر چینی کرێکار لاوازن و ژمارەیان کەمەو هۆشمەندی چینایەتیشیان لاوازە وەك نووسەری یادداشتەکە باسیان دەکا، ئەی بۆ خۆیان لەشوێن ئەوان داناوە، لەکاتێك دا ئەوان نین و ئەی چۆن یەکێ خۆی کرێکار نەبێ دەبێتە نوێنەری کرێکار؟!!

ئەم جۆرە باوەرانەو هێلانە باوبوو لەریزەکانی حیزبە کوردستانی‌یەکان دا، بەڵام لەئەنجام دا تیایا سەرنەکەوتن لەبەرئەوەی هەرچی لەسەر بنچینەی هەڵە بنیات بنرێ لەهەڵە بەولاوە هیچ ناداتە دەستەوە. تادەگا بە ئەندامە سەرکردایەتی‌یەکانی حیزبی شیوعی ئەوانەی لەخێزانی دەرەبەگ و بورجوابوون و وایان نیشان دەدا کە ئەیدیولۆجیتیان گۆراوە، ئایدیولۆجیی‌یەتی چینایەتی، بەڵام نەیانتوانی وەك پێویست رابەری بەرژەوەندەکانی چینی کرێکارانی عێراق بکەن، لەبەر هەمان هۆیەکانی کە باسمان کردن. بەپێی بۆچوونی ئێمە ئەم سیاسی‌یانە لە هەوڵدانەکانیان و داواکانیان کە نوێنەرایەتی چینی کرێکار دەکەن تووشی هەڵەبوبوون لەبەر ئەوەی بارودۆخی کوردستان و چینایەتی‌و کۆمەڵایەتی کوردستانیان شی نەکردبوەوە لەو قۆناغەدا. باوەر ناکەم کەس رای بە پێچەوانەی ئەم رایەی من بێ کەوا چینی کرێکاری پیشەسازی (البرولیتاریا) لە سالانی چلەکانی ئەم سەدەیە لە شارەکانی کوردستان دا نەبوو. ئەم چینە کاتێ لە دایك دەبێ‌و پەرەدەسێنێ کە ژمارەی کارگاکان و دەستگا بەرهەمی‌یەکان لە شارەکانی کوردستان پەیدا بین. تا دەگا بەو کرێکارانەی کاریان دەکرد خەڵکی لادێکان بوون و کورە جوتیاربوون و پێوەندییان لەگەڵ دێدا نەپچرابوو، هەروەها لەرەگە سەرەکی‌یەکانی جوتیاریان نەپچرابوون و کاتێکردنی پێ...
عەشایەری‌یەکانیان زیاتر پێوە دیاربوو وەك پێوەندی‌یەکانی چینی

کرێکار. بۆیە دەبینین نەبوونە پرولیتاریاو کرێکاری پیشەسازیو ئەندامی چینی کرێکاری خاوەند بەرژەوەندیکی کرێکارانەی یەکگرتوو، وەك کرێکارانی وڵاتەکان و کۆمەڵگاکانی دەوڵەتە پیشەسازی‌یە پێشکەوتووەکان.

دەربارەی تەرکیبی حیزبی رزگاری حەیدەری دەڵێ:

حیزبی رزگاری کورد، حزبێکی دووچلی بوو لەشێوەی دارشتنەوە، بەو واتایەی بریتی بوو لە نوێنەرانی چینی کرێکارو بۆرجوای کوردی بچووك لەهەمان کات دا.».

صالح حەیدەری حیزبی (شۆرش) بە حیزبی چینی کرێکاری کورد لە قەڵەم دەدا، لەبەر ئەوەی حیزبێکی مارکسی بوو. جارێکی‌تر نازانین صالح حەیدەری بەڵگەکانی بۆ ئەم بۆچوونەچی‌یەو چۆنە، هەر تەنها لەبەر ئەوەی رێکخراوی شۆرش رێکخراوێکی مارکسی‌یە یان لەبەر ئەوەی ئەم ناوەی لێنراوە، بوتە نوێنەری چینی کرێکار بەبێ ئەوەی کرێکارانی کورد هەبێ لەرێزەکانی‌دا، چ لە قواعدو چ لە سەرکردایەتی بەو جۆرەی کە بتوانین بڵێین نوێنەری کرێکارە.

دەربارەی ئامانجی حیزبی رزگاری، ئەوا دەقی بەیانی دامەزراندنی بلاو دەکەینەوە، کە تیایدا ئامانجەکانی روون دەکاتەوە، کۆمیتەی راپەراندن (التنفیذیة) دوای دامەزراندنی حیزبەکە ئەم بەیانەی دەرکردووە.

## بەیانی حیزبی رزگاری کورد

### لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە

یەکەم: ئامانجی باڵامان یەکخستن و رزگارکردنی کوردستانی گەورەیە.
لەبەر ئەوەی مەڵبەندی حیزب لە کوردستانی عیراقە، ئێمە لەپێناوی رزگارکردنی عیراق لەچنگی داگیرکار خەبات دەکەین، بۆ رزگارکردنی لە حوکومەتە کۆنەپەرستەکانی، کە تا ئێستا گەورەترین کۆسپن لەرێگای پێشکەوتنی کوردو گەیشتنی بە ئامانجی باڵای ئەویش ئازادی مافی چارەنووسە.

دووەم: هەوڵدان لەپێناوی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەرێوەبەرایەتی کوردستانی عیراق، کە هەنگاوێکی گەورەیە لەرێگای مافی چارەنووسی کورد.

سێیەم: هەوڵدان لەپێناوی لادانی هەموو جۆرەکانی زوڵم و زۆرو جیاوازیی نەتەوەیی کە کوردوکەمینە نەتەوەییەکانی تریشی گرتوتەوە.

چوارەم: هەوڵدان لە پێناوی پتەوکردنی پێوەندی‌یەکان لەگەڵ حیزبەکان و مەڵبەندە کوردی‌یەکان لە دەرەوەی عیراق بەمەبەستی یەکخستن هەموو هەوڵ و تەقەلاکان بۆ گەیشتن بەئامانجی باڵا (مافی چارنووس و رزگاری)

پێنجەم: هەوڵدان بۆ چاك کردنی گشتی گیروگرفتە رامیاریو کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیریی‌یەکان و فراوان کردنی مافە دیموکراتی‌یەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کشتوکاڵ و پیشەسازیو بلاوکردنەوەی زانیاریو زیندوکردنەوەی مێژوو ئەدەبی کوردی.

شەشەم: بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دایەرەکان و قوتابخانەکان لەگشت ناوچەکانی کوردستان دا.

حەوتەم: روونکردنەوەی کێشەی کورد بۆ هەموو گەلانی جیهان بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا.

هەشتەم: هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پێوەندیو هاریکاریکردن لەگەڵ حیزبەکان و رێکخراوە دیموکراتی‌یەکان دا.

نۆیەم: هەوڵدان بۆ پەیداکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ وڵاتە دیموکراتی‌یەکان بۆ بەربەرەکانی کردنی پلانەکانی داگیرکارو کۆنەپەرستان کە بوونەتە هۆی دواخستنی ئازادی‌یە گشتی‌یەکان و ئازادی کورد بەتایبەتی. (٢١ : ل ٢٧ - ٢٨)

دەستەی راپەراندنی حیزبی رزگاری کورد
حیزبی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوی
کورد (العراق).

حیزبی رزگاری کورد داوای مافەرەواکانی نەتەوەیی کوردی بەئاشکرا دەکردو ئامانجەکانی گەلی کورد ئامانجی حیزبەکە بوو. ئەمەش بە ئاشکرا روون کرابووەو. لەبەرنامەی حیزبەکە لەبرەدا ئێمەش بلاومان کردوتەوەو لەکاتی خۆی حیزبی رزگاری بۆ جەماوەری کوردو جەماوەری عیراق بلاوی کردبووەوە.

دەست نیشان کردنەکانی حیزب لەو قۆناغەدا راست بووە، دوای رزگاربوونی عالەم لەشەری دووەمی‌جیهان، دەست نیشانی دوژمنی سەرەکی عیراق و گەلی کوردی کردبوو، کە ئەو دوژمنەش داگیرکاربووە لێپرساوی یەکەم بوو لە لەت لەت کردنی نەتەوەی کوردو کوردستان، لەگەڵ دەست نیشان کردنی دەوری کۆنەپەرست و هاریکاریان لەگەڵ داگیرکارو راپەراندنی پلانە گلاوەکانیان دەرحەق بەگەلی کورد. بەڵێ

حیزبی رزگاری خاوەنـد رێبـازی خەبـاتی نیشتمانی نەتـەوەیی پێشکەوتنخواز بوو دژی داگیرکارو کۆنەپەرستی ناوچەیی.

سەرەرای ئەمانە هەمووی بەیانەکەی رزگاری زۆر فراوان نەبوو، حیزبی رزگاری بەرنامەیێکی فراوانی نەبوو بۆ چاك کردنی کشتوکاڵ و پەروەردەو فێربوون، بەڵام سەرەتاییکی باش بوو، باشترین بڵێین خشتی یەکەم بوون لە بواری سیاسیدا لە کوردستانی عێراق داو دوای ئەمیش پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ هاتـە کایـەوە بۆ تەواوکردنی رێرەوەکە، رێرەوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد.

دوا بەدوای کۆتایی شەری دووەمی جیهان . . . لەو کاتەی وەزیرانی دەرەوەی جیهان کۆنگرەیان هەبوو حیزبی (رزگاری کورد) یادداشتێکی ئاراستەی کۆبوونەکە کرد تیایا داواکانی راڤە کردبوو بەم جۆرەی لای خوارەوە:

بەشـەرییـەت زۆر خۆشحـال بوون بە کۆتـایی پێ‌هـاتنی شەرو سەرکەوتنی هێزە دیموکراتی‌یەکان و شکانی چەپەڵترین دیمەنی داگیرکار (فاشی‌یەت) لە رۆژئاواو رۆژهەڵات دا. گەلی کوردی لەت لەت کراوو بەش خوراو زۆر دەمێکـە لەژێر تەوقی زوڵم و زۆررو چەوسـاندنەو ـ دەناڵێنێ و لەهەموو مافە رەوا نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتی‌یەکان بێ‌بەش کراوە. ئەمـەش بەپێی پلان و نەخشەکانی داگیرکاری بەریتانیی‌و بۆپاراستنی بەرژەوەندەکانی‌و بەرژەوەندی حوکومەتە کۆنەپەرستەکان و فاشی‌یەکانی ئێران و تورکیاو عێراق.

بەبـوونـەی تەواوبـوونی شەرەکەو سەرکەوتنی هاوپەیانەکان، گەلی کورد تکـای وایە سەیری کێشەکەی بکرێ بەشێوەییکی رەواو بێ‌بەش نەکرێ لەبەڵێنەکانی هاوپەیانەکان و بەڵگەنامەکانی بۆ گەلانی بچووك لە پێناوی رزگاری‌و مافی چارەنووسیان. ئێستاش کە لە مۆسکۆ وەزیرانی دەرەوەی سێ دەوڵەتە مەزنەکان کۆبوونەتەوە، ئومیدەوارین بەئینسافەوە سەیری کێشەی گەلان و قەومان بکەن.

حیزبی رزگـاری خۆشحـاڵـە ئەم خاڵانـەی لای خوارەوە بخـاتـە بەرچـاوتـان کەپـەیوەنـدییـان بەکێشـەی گەلی کوردەوە هەیە هەروەها بەئاشتیەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا:

١ ـ ئێمە لایەنگیری خەباتی براکوردەکانمان دەکەین لە ئێران دا لەگەڵ برا ئازەری‌یـەکـانیـان لە پێنـاوی سەربـەخـۆیی خودموختاری‌و حوکمێکی دیموکراتی‌و کۆششیان دژی حوکومەتە کۆنەپەرستەکەیان و نۆکەرەکانیان.

٢ ـ سەیـری حالـەتی گەلی کورد بکـرێ لە تورکیـادا، کە ماملەتی حوکـومـەتی فاشی زۆر درنـدانـەیە دژیان بە مەبەستی لەناوبردنیان و کردنیان بە تورك.

٣ ـ گەلی کورد لەعـێراق دا وەزعی بەرەو خەراپـە دەرواو گەیشتـوتـە رادەییکی زۆر خەراپ، لەهەموو مافە دەستو[illegible]اوە لەئـەنجامی بوونی داگیرکاری بەریتانیاو حو[illegible] و شێـوەکـانی حوکمی فاشی‌یـەتی. باشـترین ب[illegible]مان سوتاندنی دێهاتەکانی بارزانی‌یەکانە لەگەڵ دێ[illegible]یان و دەربەدەرکردنی دانیشتوانی‌و بەندکردنیان وەك [illegible]ستەفاو لایەنگیرەکانی.

لەبەر ئەم هۆیانە داو ای ئەنجام دانی داخواز[illegible]یشتمان پەروەرەکـانی دەکـەین لەعـێراق دا، بەڵام ئێمـ[illegible] ئەمانە جێ‌بـەجێ ناکـرێن تەنهـا بە لەنـاودانی داگ[illegible]ومـەتـە کۆنـەپـەرستـەکـەی کەئێستـا حوکمـرانی ع[illegible]رینی بە حوکـومـەتێکی تری دیموکراتی کە مافە رەواکا[illegible]ل کورد لەعێراق دا زامن بکات.

ئێمـە لەکـاتێـك دا سرنجتـان رادەکێشـین ب[illegible]یـانـە، ئومێدەوارین بەگیانێکی مرۆڤانە چارەسەری بکـ[illegible] واقعی‌و راست، کەببێتە هۆی گەشانەوەی شارستانی‌یەت[illegible]هەڵاتی ناوەراست دا.

[illegible]ی راپەراندن
حیزبی رزگاری کورد (٢١ : ل ٣٢-٣٣ )

حیـزبی رزگـاری کورد لە یادداشتەکەی‌دا هێڵە پانەکانی بەرنامەی حیـزبەکە بەرەوانی روون دەکاتەوە، ئەوەش ئاشکرا دەکا کە سنوری تێکۆشانی لەسەر سنوری کوردستانی خواروداڕاناوەستێ، بەڵکو بەبێ وچان تێ‌دەکۆشێ بۆ یارمەتی‌دانی‌و پاڵ پشتی‌کردنی خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی باکورو کوردستانی رۆژهەڵات و یەکێتی تێکۆشانی نێوان گەلی کوردو ئازەری لە ئێران داو گەلی کوردو گەلی تورك لە کوردستانی تورکیادا لەپێناوی لەناودانی تورکە رەگەزپەرستەکان و گەیشتنیان بەمافی رەوایـان. حیزبی رزگاری کورد داگیرکاری بەریتانیای لەسەروی ئەو لایـەنـانە داناوە کە لێپرساون بەرامبەر لەت لەت کردنی کوردستان و چەوسـانـدنەوەی گەلی کورد. بۆیە دروشمی بەربەرەکانی داگیرکاری بەریتـانیـای هەڵکـرت دەرکـردنی لە ناوچـەکە بەگرنگترین ئەرکەکانی سەرشانی خۆی زانیوە هەروەها روخاندنی حوکومەتە کۆنەپەرستەکانی بە ئەرکێکی خەبـاتگێرانی دانابوو شان بە شانی خەباتیان دژی بەریتانیا. لەبەر ئەوەی ئەم حوکومەتانە ئامرازو کەرەستەی مل کەچی داگیرکاری بەریتانیان. لەگەڵ باوەری حزب بەوەی کەوا مافە رەواکانی نەتەوەیی گەلی کورد نایێتە دی تەنها لەژێر سێبەری حوکمەتێکی دیموکراتی نەبێ، کە زامنی ئەم مافانەی بۆ بکا.

حیزب یادداشتێکی‌تری دوورو درێژی نارد بۆ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان. کە لە لەندەن کۆبوبونەوە لەم یادداشتەدا کێشەی کوردی روون کردبوەوە، لەگەڵ ناردنی بەڵگەنامە رەسمی‌یەکان و بەڵگەنامەی تری گرنگ.

هەروەها حیزب یادداشتێکی نارد بەهۆی قونسلی میسر لە بەغدا بۆ کاربەدەستانی میسر، لایەنگیری خۆی نیشان دا بۆ (بزوتنەوەی نیشتمانی رزگاریخوازی مەزنی میسر) لەساڵی ١٩٤٦ دا. . . لەیاددشتەکە دەڵێ:

«بەناوی گەلی کوردەوە لە عێراق، پیرۆزبایی گیانی شۆرشگێرانە پیرۆزی برا میسری‌یە ئازادەکانمان دەکەین لە راپەرینەکەیان داو بەگژاچوونی ئینگلیز، ئەو داگیرکارە چەپەڵەی لەئەنجامی سیاسەتە نارەواکەی زیاتر لە (١٠) دەملیون کوردی خستوتە ژێر جەورو زوڵەوە، بەسەدەها لە رۆڵەئازادەکانی خراونەتە تاریکی بەندیخانەکانەوە یان دەربەدەرکراون یان لەسێدارەدراون، جگە لە کوشتنیان بە بۆمباباران کردنیان بە تۆپ و فرۆکەکان. . تا کەوتە ژێر چەپۆکی داگیرکارەوە.

نابێ کردەوە چەپەڵەکانی داگیرکار بەم دوایی‌یە لەیونان و هیندی چینی‌و هیندستان لەبیر بکرێن، ئێستاش دەیەوێ هەمان دەوربینێ. بەڵام باوەرمان بەتینە بەخەباتی گەلی میسری بەرێزو تەفرو توناکردنی قەڵای داگیرکار لە وڵاتە خۆشەویستەکەتان دا، بۆ ئەوەی میسر بەئازادی بمێنێتەوەو جەماوەری گەلی میسر بە شادی‌و سەربەرزی بژی.

ئێمە نارەزایی خۆمان دەردەبرین بەرامبەر تاوانەکانی داگیرکارو دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی میسری ئازادو داوا رەواکەی بەکشانەوەی تەواوی ئینگلیز لە دۆڵی‌نیل و گۆرینی پەیمانەکەی نێوان میسرو ئینگلیز، بە شێوەیێك سەربەخۆیی سیاسی‌و ئابوری میسر زامن بکا گەلی کورد هەستی خۆی بەرامبەر هەستی گەلی میسر لەم رووەوە دەربری بە بەشداربوونی لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایی‌یەی بەغدا کە بەرپاکرا بۆ لایەنگیری‌کردنی گەلی میسر لەخەباتی پیرۆزی‌دا» (٢١ : ل ٣٩-٤٠)

## لێژنەی راپەراندنی حیزبی رزگاری کورد (حیزبی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوی کورد لەعێراق)

بەم جۆرە هەڵوێستی گەلی کورد دەکەوێتە پێش چاومان بەرامبەر بە گەلی میسرو لایەنگیری‌کردنی نیشتمانی‌و نەتەوەیی رزگاریخوازی بە رێگای یادداشتەکەی ساڵی ١٩٤٦ دا.

ئەم هەڵوێستە (هەڵوێستی گەلی‌کوردمان بەرامبەر نەتەوەی عەرەب لە دێرزەمانەوە زیاتر لە هەشت سەد ساڵ لەمەوپێش دەخاتەوە یاد بەتایبەتی بەرامبەر بەگەلی میسر، ئەویش بەتێپەربوونی هەشت سەدساڵ بەسەر سەرکردایەتی‌یەکەی رۆڵەی کورد صلاح الدین ئەیوبی، کە شمشێرەکەی هەڵکێشاو هەزارەها سەربازی کوردی لەگەڵ دابوو بەرامبەر بە هەڵمەتی خاچی‌یە داگیرکارەکانی کە وڵاتی عەرەبیان داگیرکردبوو لەو قۆناغەدا، صلاح الدین رزگاریانی کردو نەتەوەی عەرەبی‌و کوردو کەمینە نەتەوەیی‌یە براکانی وڵاتی شام و میسری یەك خست لەبێ جیاوازی لە نێوانیان. ئەم هەڵوێستەش هەڵوێستەکانی جەمال عبدالناصرمان لەساڵی ١٩٥٩ دا دەخاتەوە یاد بەرامبەربە گەلی کورد وەك جەمال ئەتاسی بۆمانی دەگێرێتەوەو دەڵێ:

«هەڵوێستمان وەك نەتەوەیی عەرەب بەرامبەر کێشەی نەتەوەکانی ترو کەمینە نەتەوەکانی کە هەن لە چوارچێوەی ئەو سنورەی بۆ وڵاتی عەرەب دیاری‌کراوەو لەژمارەیێکی دەوڵەتە عەرەبەکان دا، بەتایبەتی بەرامبەر بە کێشەی نەتەوەی کورد. دەست پێشخەری دەکەم و دێمە سەر ئەو رووداوانەی لەمەو پێش رووی داوە یان هەڵوێستەکانمان کە جێگای باش، بۆ ئەوەی بڵێم جمال عبدالناصر هەمیشە لە روانگەی هەڵوێستێکی نیشتمانی کراوەوە هەڵوێستەکانی دەردەبری، لەچەند هەڵوێستێکی‌داو لە ساڵی ١٩٥٩ وە، کەواتە لەو سەردەمەوە کە مەسەلەی کورد بەشێوەیێکی جددی سەری هەڵدایەوە لەسەر شانۆگەری رووداوەکان لە عێراق و لەگەڵ پەیوەندی‌یە عەرەبی‌یەکان گەلاڵەکراوەکانی یەکێتی‌یەتی عەرەب دا، هەمیشە سووربوو لەسەر برایەتی کوردو عەرەب و پێویستی نەهێشتنی هەموو هۆیەکانی بەگژیەکتراچوونی بەرەو گەلاڵەکراوەکانی رێك کەوتنی نێوانیان لە عێراق دا، بەڵکو لە پێشرەوەکانی سەرکردە عەرەبە نەتەوەیی خوازەکان بوو کە سووربوو لەسەر باوەری مافی خۆ چارەنووسی کوردو گەیشتنی بە مافە نەتەوەیی‌یەکانی.» (٢٩ : ل٢٣).

## هەر دەربارەی هەڵوێستی عبدالناصر جەمال ئەتاسی دەڵێ:

وتوویژی سێ‌قۆڵی لە (القاهرة) دەکرا، لەگەڵ وەفدی رەسمی عێراق وەفدێکی راوێژکار هەبوو لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی عێراق، لەنێوانیان دا چەند سەرکردەیێکی کورد هەبوو لەکاتی وتوویژی یەکێتی‌یەکە. لەو چاوپێکەوتنانەی کە لەداوێنی کۆبوونەوەکان ئەنجام دەدران سەرۆکی وەفدی کورد ئەم بۆچوونەی خستە پێش چاو :

(ئەگەر دەتانەوێ یەکێتی‌یەکی (اتحاد) ی سێ‌قۆڵی کۆمارەکان لەنێوان میسرو عێراق و سوریا ئەنجام بدەن ئەو کاتە داوای نیشتمان پەروەرە کوردەکان وەك خۆی دەمێنێتەوە، کەواتە حوکمی زاتی لە ناوچە

کوردەکـان لە چوارچێوەی یەکێتی‌یـە سێ قـوڵی‌یـەکـە، بەڵام ئەگـەر کۆمـارێکی یەککـرتوی عەرەب دادەمەزرێنن ئیمە ئەو کاتە دەمانەوێ ناوچەی کورد ببێ بەهەرێمی چوارەم لەنێوان هەرێمەکانی ئەم کۆمارەدا)..

وەك من بزانم ـ ئەمە قسەی ئەتاسی‌یە ـ عبدالناصر بەم بۆچوونەی سەرۆکی وەفدی کورد دڵخۆش بوو لەبەر ئەوەی بینینێکی ستراتیجی‌یەو دووربینی‌یە بۆ مەسەلەی پێوەندی‌یەکانی دواڕۆژی نێوان کوردو عەرەب دەگونجێن و یەك دەگرنەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەو...

پاشان ئەتاسی دەڵێ:

یەکێتی ئەنجـام نەدرا نەوەك یەکێتی کۆمارەکان و نەوەك کۆمارێکی یەکگرتوی عەرەب و لەواقعیش دا کێشەی کورد ڕێگەی لەم یەکێتی‌یانە نەگـرتبـوو، عبـدالناصریش لەسەر هەڵوێستی خۆی بەرامبەر کێشەی کورد

کورد وەك خۆی مایەوە سەرەڕای گۆڕانی هەڵوێستی ئەوانی‌ترو سوور بوو لەسـەر عێراقێکی یەکگـرتو، بەهەموو توانایەوە هەوڵی دەدا نێوان کوردو عەرەب بەرێکی بمێنێتـەوە، لەگـەڵ ئەوەش دا لایەنگیری ماف ڕەوای گەلی کوردی دەکـردو لەگەڵ وەدیهاتی مافە ڕەواکانی بوو، خۆ لەرێکەوتنەکەی نێوان حیزبی‌بەعس و کوردەکان لە ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دا لەسەر بنچینەی دانان بە باوەڕی بوونی نەتەوەی کوردو ماف هەبـوونی حوکمی خۆبەڕێـوەبـەری (الحکم الـذاتی) سەربـەخـۆیی بەڕێوەبەرایەتی‌یان لە کوردستانی عێنی عێراق دا، عبدالناصر لایەنگیری لەم هەنگـاوەکردو پارێزگاری لێ‌دەکرد. منیش (ئەتاسی) لەو سەردەمە لەسەر ئەم کێشەیەم نووسی لایەنگیریی خۆم دەربڕی هەرچەندە هەندێ نەتـەوەیی خوازی (القومیین) بێ‌ئاگاو سەربە ڕژێمەکان دژی ئەم کارە باشـەی عێراق وەستـان و وایـان لەقـەڵـەم دا کە مافی ڕەوای عەرەبی لەناوداوە. (٢٩: ل ٣٨-٣٩)

دەربارەی هەڵوێستی عبدالناصر لەیادمە پارتی دیموکراتی کوردستان جەمـاعـەتی (مەکتەبی سیاسی) ئەو کاتە منیش ئەندام بووم[١٥] ـ لەساڵی ١٩٧٠ دا، پارتی ئەو سەردەمـە سووربـوو لەسـەر ئەم هەڵوێستـانە دەربـارەی کێشـەی کوردو لە کۆڕەکانی‌و کۆبوونەوە حیزبی‌یەکان دا. هەروەهـا (امـین هویـدي) کە تێکۆشـەرێکی میسری‌یە جارێکیـان لەچاوپێکەوتنێکما لەگەڵیا لە (الجزائر) لە ١٩٨٤/٥/٢٦ لەکاتی بەستنی کۆبـوونی هەشتـەمی (ڕێکخـراوی هاریکاری ئاسیاوی ـ ئەفریقی). باسی هەڵـوێستـە هەمـوارەکـانی عبـدالناصری بۆم گێڕایەوە دەربارەی کێشەی کوردو باوەڕی بە مافی چارەنووسی کورد لەچوارچێوەی یەکێتی عێراق دا. هەروەها (خالد محی الدین)[١٦] سەرۆکی ئەنجومەنی ئاشتی

میسرو سەرۆکی حیزبی (التجمع الوحدوی التقدمی المصری) لەکاتی کۆبوونی شوێنەواری شەری کەنداودا لەبەغدا لە ١٩٨٤/٧/٨ بۆمی گێڕایـەوەو وتی جهال عبـدالنـاصر لەنـاخیـەوە گەلی کوردی خۆش دەویست و هەمیشە لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو لە عێراق دا لەگەڵ ئەوەبوو گەلی کورد شادبێ بە مافەڕەوا نەتەویی‌کانی، لایەنگیریی بەیانی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ی کرد، ئەو بەیانەی عێراق تیای‌دا دانی‌نا بە باوەڕی حوکمی‌زاتی لە کوردستانی عێراق دا.

باسی هەڵوێستی عبدالناصرمان کرد دەربارەی گەلی کورد لەلایێك. لەلایێکی‌تـرەوە باسی هەڵوێستی گەلی کوردمان کرد بەرامبەر بەمیسرو عبدالناصر، سووریین لەسەر ئەوەی کەوا هەڵوێستە هەموارەکانی هەر سەرکـردەیێکی عەرەب بەرامبـەر گەلی کورد لە مێـژوودا، هەمیشـە بەتۆمارکراوی لە هەست و نەستی گەلی کورد دەمێنێتەوەو ساڵەهای ساڵ دەپارێزرێن هەرچەندە باروڕۆخ و حاڵەتەکانیش بگۆڕدرێن، نابێ ئەوە لەیـادبکـەین کە عەمبـارکـراوەکـانی بیرەوەری لە نەستی (لاشعور) ی گەلان دا، کەئـەمـەش بێ‌گـومـان بیرەوەری مێـژووە، کاردەکاتە سەر ئەوەکـانێ داهـاتـووداو دەوری خۆی دەبینێ لە چەسپـانـدنی یەکێتی تێکۆشانی لەبارو دۆخە ناڵەبارەکان دا وەك لە هەڵوێستەکانی عبدالناصر بۆمان دەرکەوت دەربارەی کێشەی کورد، گومان لەوەدانی‌یە ڕۆڵەیێکی هەڵکـەوتـوی گەلی میسر وەك عبـدالنـاصر لەنـەستی‌دا هەڵوێستەکانی صلاح الـدین ئەیـوبی‌و قوربانی‌یەکانی هەڵگرتبوو لە پێناوی نەتەوەی عەرەب و میسریش بەتـایەتی ئەم هەڵوێستانە ـ کەوانە هەڵوێستەکانی عبدالناصر ـ ئێستا عەمبارکراون لە نەستی نەتەوەی کورددا‌و بۆ سەدەها ساڵانی داهاتوو هەڵ دەگیرێ.

هیچی تیـادانی‌یە هەموو تێکۆشەرێکی عەرەب باوەڕی بەم یەکێتی تێکـۆشانەو برایەتی ڕاستەقینەی کوردو عەرەب هەبێ وەك عبدالناصر هەبیـوو، هەروەك جهال ئەتـاسی تێکـۆشـەرێکی نەتـەوەیی ناصری لەپێشەکی کتێبی (عرب و اکراد) دا دەڵێ:

(ئیمە بۆچوون و بینینێکی عەرەبیهان هەیە بۆ ئەوەی گەلی کورد ببێتە خاوەنـد کیـانی نەتـەوەیی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵـەتێکی عەرەبی یەکگرتوو ئەگەر ناوی بنێن هەرێم یان کۆماری کورد. بەڵکو بینینێکی واشهان هەیە ئەم بۆچوونە هەموو کەمینە نەتەوەیی‌یەکانی تریش بگرێتەوە لە نیشتیانی عەرەب دا.

کەوانە دارشتنێك هەبێ بۆ یەکێتی عەرەب بەشێوەیێکی گشتی وەك دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبی فرە نەتەوەو کەمینە، لەجیهانیش دا گەلی تاقیکردنەوەی‌وا هەیە.

بۆ نموونە تاقیکردنەوەی یەکێتی سۆڤیات، یان لەمە زیاتر بڵێین خۆ ئەگـەر هات و نەتـەوەکـەمان گیانێکی نەتەوەیی یەکگرتوی ببێ، وەك

لەدەستووری کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆڤیات دا هاتووە، ئەو کاتە ئێوە نەتەوانەی عەرەب نین مافی سەربە خۆیی تەواویان هەیێ تادەگا بەجیابوونەوە، ئەگەر ئەمە ئارەزوو ویستی نیشتمانی گەلەکەیان بێ بەپێی باوەڕی مافی چارەنووس، بەدەر لە چوارچێوەی یەکێتی عەرەب دا.» (٢٩ : ل ٤١).

دووبارە بابگەڕێنەوە سەرباسە سەرکیەکان دوای ئەم لاباسەو شیکردنەوانە، بگەڕێنەوە سەر حیزبی (رزگاری کورد) و هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراقی، هەڵوێستی حیزبی شیوعی بۆ دامەزراندنی حیزبی (رزگاری کورد) هەمواربوو وەك لەرۆژنامەی (القاعدة) دا لەنیسانی ساڵی ١٩٤٥ وتارێکی بڵاوکردۆتەوە داوای لە کوردە نیشتمان پەروەرەکان کردووە حیزبێکی نەتەوەیی خواز دابمەزرێنن، لەوتارەکەدا هاتووە:

«ئەی نیشتمان پەروەرە بە ئاگاکان لەهەموو چینەکانی گەلی کورد. کێشەی گەلەکەتان ئەمانێتێکە لە ئەشتۆتانەو بەئەرکی سەرشانتان هەڵ بسن بەرامبەر گەلەکەتان. سەرکردایەتی بکەن بەرەو ئەو رێگایەی لەم بارودۆخە ناهەموارە رزگارتان بکا. رێکخراوێکی گەلی دابمەزرێنن گونجاو بێ لەگەڵ بارودۆخی گەلی کوردا، رێکخراوێك خزمەتی بەرژەوەندەکانی بکا، دەست بکەن بەکارکردن و یارمەتیش لەلایەن حیزبەکەمانەوە.

رۆژنامەی (القاعدة) وتارێکی تری لە ساڵی ١٩٤٥ دا بڵاوکردەوە تیایدا هاتووە:

«مافی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەو گەلێك یەکێکە لە باوەڕەکان و ئامانجە سەرەکیەکانی حیزبە شیوعیەکان لە جیهان دا، لەوانەش حیزبی شیوعی عێراقە... حیزبەکەمان حیزبی کرێکاران و جوتیارانە، حیزبی جەماوەری گەلی عێراقە بەگشتی، خەبات دەکا لەپێناوی بەرژەوەندەگشتیەکانی گەل، لەپێناوی ئازادی بۆ گشت، هەر بەم پێیەش زامنی رێکخراوە دیموکراتیەکان دەکا بۆ گەلی کورد کە دەتوانێ رای خۆی دەربڕێ بە مانەوەی بەئارەزوی خۆی لە چوارچێوەی عێراق دا بەبێ جیابوونەوە. تا عێراق بەتەواوی لە چنگە داگیرکار رزگاری دەبێ. یان لەبارو دۆخێکی گونجاوترو بەپێی بەرژەوەندی جەماوەری رەنجدەران رای خۆی دەردەبڕێ.»

- ماوەیەتی -

## پەراوێزەکان:

(١) دوکتور کەمال مەزهەر دەڵێ: کۆمەڵەی کوردستان لەرۆژی هەینی رێکەوتی ٢١ تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ لەشاری سلێمانی دامەزراوە. سەیری کتێبی (صفحات من تأريخ العراق المعاصر) ل ١٢٩ بکە.

(٢) رۆژنامەی (العالم العربي) لە ١٩٢٥/٣/٤. کەلێنە دەولیەکەش سەردای کەرکووکی دا، خۆنیشاندانێکی باشیان ئامادەکردو سووربوون لەسەر یەکێتی عێراق.

(٣) سەیری سەرچاوەی (چیم دی) بەرگی (٣) ی ئەحمەد خواجە، بکە، ل ٣٨ - ل ٤٥ - بە دوورو درێژی لەسەر کۆمەڵەی زانستی نووسیوە.
- نووسەر -

(٤) لەچاوپێکەوتنێکیان دا لەگەڵ مامۆستا مصطفى حمە بۆر.

(٥) لەچاوپێکەوتنێك دا لەگەڵ مامۆستا مستەفا نەریمان لە ١٩٨٧/١٢/١٨.

(٦) لەچاوپێکەوتنێك دا لەگەڵ مامۆستا کەریم زەند.

(٨) ئەم ناوانە هەموو خەڵکی شاری هەولێر بوون تەنها یونس رۆوف نەبێ خەڵکی شاری کۆیێ بوو.

(٧) رەفیق حیلمی یەکێ بوو لەوانەی داوای دەمەزراندنی حیزبی جمهوری ئیمزا کردبوو دوای شۆرش ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨.

(٩) رەئیس میرحاج ئەحمەد، یەکێکە لەدامەزرێنەری حیزبی هیوا. لە ساڵی ١٩٤٥ دا چووە ریزی بزوتنەوەی چەکداری نیشتمانیەوە، یەکێ لەو ئەفسەرانەبوو کە لەگەڵ بارزانیەکانا چووە یەکێتی سۆڤیات، لەساڵی ١٩٥٨ گەڕایەوە بۆ عێراق و چووەوە ریزی سوپای عێراق بە روتبەی (مقدم) پاشان بە روتبەی (عقید) خانەنشین کراو لە بەغدا دانیشت: لە ١٩٨٨/١١/١ لەبەغدا کۆچی دوایی‌کردو تەرمەکەیان بردەوە (عەقرە).

(١٠) کۆمەڵەی (ژ.ك) لە ١٦ ئەیلولی ١٩٤٢ دامەزرا.

(١١) حیزبی هیوا رۆژنامەی (ئازادی) دەرئەکرد وەك رۆژنامەی حیزب

(١٢) ژمارەیەکمی (یەکێتی تێکۆشین) لەساڵی ١٩٤٤ دا دەرچوو.

(١٣) بکر عبدالکریم - رەئیس بەکرو لەحەفتاکان بووە قایمقامی چەمچەماڵ و خەڵکی شاری کۆیەیە، ئێستا لەشاری هەولێر دادەنیشێ.

(١٤) سەیری (صالح الحيدري) - بکە لە یادداشتەکەی، مذكرات و لمحات من تأريخ الحركة الوطنية والثورية في كردستان العراق - الجزء الاول - ١٩٤٠ - ١٩٥٨ ص ٢٣ دەست نووسە.

(١٥) نووسەر ئەوکاتە ئەندامی لقی کەرکوك ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو پاشان بوو لێپرسراوی کۆیە.

(١٦) (خالد محي الدين لەوچاوپێکەوتنە پێمیوت کە دایکی خەڵکی (دیاربکر) ە کە کوردستانی تورکیا).

سەرچاوە عەرەبیەکان


١ - ابراهيميان، ايرڤاند «ايران بين ثورتين». ترجمة مديرية التطوير القتالي - العراق - ١٩٨٦.

٢ - الأبن، وليام ايگلتن «جمهورية مهاباد» دار الطليعة - بيروت - ط ١.

١٩٧٢ . ترجمة جرجيس فتح الله .

٣ - احمد، كمال مظهر. «كوردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى» مطبعة المجمع العلمي الكوردي - بغداد ١٩٧٧ . ترجمة محمد الكلا عبدالكريم .

٤ - الان، اوج «مختارات» (١) من منشورات حزب العمال الكوردستاني - ١٩٨٥ .

٥ - البراك، فاضل «تحالف الاضداد» دار الحرية للطباعة - بغداد - ١٩٨٥ .

٦ - تاهتقاندى، هوشنگ. «١٩٨١» . ترجمة الدكتور ناظم عبدالواحد جاسور - معهد الدراسات الاسيوية والافريقية - جامعة المستنصرية - بغداد - ١٩٨٦ .

٧ - الجبوري، عبدالجبار حسن. «الاحزاب والجمعيات السياسية في القطر السوري» . دار الحرية للطباعة - بغداد - ١٩٨٠ .

٨ - الجميلي، قاسم خلف. «تطورات واتجاهات السياسة الداخلية التركية، ١٩٢٣ - ١٩٢٨» . اطروحة ماجستير غير منشورة - جامعة بغداد - ١٩٨٥ .

٩ - جاووك، معروف. «مأساة بارزان المظلومة» - المطبعة العربية - بغداد - ١٩٥٤ .

١٠ - الحسني، عبدالرزاق. «تأريخ الوزارات العراقية» مطبعة دار الكتب - بيروت - ١٩٧٤ .

١١ - الحسني، عبدالرزاق. «تأريخ الاحزاب السياسية العراقية» ط ٢ - مركز الابجدية للصف التصويري للطباعة والنشر - بيروت - ١٩٨٣ .

١٢ - حسين، فاضل. «تأريخ الحزب الوطني الديمقراطي - ١٩٤٦ - ١٩٥٨» مطبعة الشعب - بغداد - ١٩٦٣ .

١٣ - حسين، فاضل. «مشكلة الموصل» ط ٢ - منشورات دار البيان - مطبعة اسعد - بغداد - ١٩٦٧ .

١٤ - حميدى، جعفر عباس. «التطورات السياسية في العراق - ١٩٤١ - ١٩٥٣» مطبعة النعمان - النجف الأشرف - ١٩٧٥ .

١٥ - الحيدري، صالح. «مذكرات ولمحات من تأريخ الحركة الوطنية والثورية في كوردستان - ١٩٤٠ - ١٩٥٨» . «مخطوطات» .

١٦ - خەزنەدار، جمال. «مرشد الصحافة الكوردية» باللغات العربية - الكوردية - الانگليزية . - وزارة الاعلام - مديريسة الثقافة الكوردية العامة - دار الحرية للطباعة - بغداد - ١٩٧٣ .

١٧ - زكي، محمد امين. «خلاصة تأريخ الكورد وكوردستان» ط ٢ - ١٩٦١ - ترجمة محمد علي عوني .

١٨ - السجادي، علاءالدين. «الثورات الكوردية» باللغة الكردية - ١٩٥٩ .

١٩ - شريف، عبدالستار طاهر، «المجتمع الكوردي - دراسة اجتماعية ثقافية سياسية، مطبعة دار العراق للطبع والنشر - بغداد - ١٩٨١ .

٢٠ - شمزيني، عزيز، «الحركة القومية التحررية للشعب الكوردي» - ١٩٨٦ .

٢١ - شيرزاد، محمد. «نضال الاكراد» - القاهرة - ١٩٤٦ .

٢٢ - شيركوه، بلهج. «القضية الكوردية، ماضي الكورد وحاضرهم» مطبعة السعادة - مصر - ١٩٣٠ .

٢٣ - الطالباني، جلال. «كوردستان والحركة القومية الكوردية» دار الطليعة للطباعة والنشر - بيروت - ط ٢ - ١٩٧١ .

٢٤ - عبدالوهاب، المهندس سعيد. «لماذا تبقى الحقائق مكتومة عن الشعب الكوردي» ط ٢ - ١٩٧٨ - طهران .

٢٥ - قاسملو، عبدالرحمن. «كوردستان والاكراد - دراسة سياسية واقتصادية» - المؤسسة اللبنانية للنشر - بيروت ١٩٦٨ . ترجمة ثابت منصور .

٢٦ - كوتشيرا، كريس. «الحركة القومية الكوردية» مترجم من الفرنسية - محدود - ١٩٧٨ .

٢٧ - محمد علي، اورخان. «السلطان عبدالحميد الثاني - حياته واحداث عهده» ط ١ مكتبة دار الانبار - العراق - ١٩٨٧ .

٢٨ - معوض، أديب. «مجلة النشرة - بيروت - السنة الخامسة والسبعون والسادسة والسبعون - ١٩٤٤ - ١٩٤٥ .

٢٩ - الموصلي، المقدم منذر. «عرب واكراد - رؤية عربية . . للقضية الكوردية» دار الغصون - بيروت - ط ١ - ١٩٨٦ .

## المصادر الكوردية

٣٠ - پرشنگ، گۆڤاری پرشنگ. ژماره (٢) ئابی ١٩٦٧ .

٣١ - رزگاری، ژماره ١٧ ، ١٨ (رۆژنامەی پارتی دیموکراتی کورد - عێراق) .

٣٢ - قاسملو، عبدالرحمن. «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی» بەرگی‌یەکەم - ١٩٨٥ .

٣٣ - قەرەداغی، معروف. «بارزان و نهێنیەکانی» بەغدا - ١٩٣٨ .

٣٤ - کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ - سیپتامبری ١٩٧٣ - ز.

## المصادر التركية

35- Silopi, Zinnar «Doza Kurdustan» Kurt Milletinin 60 senedenberi esaretten - Nisan - 1969.

٣٦ - ياملكي، عبدالعزيز «كردستان و كورد اختلاللرى» جلد اول، برنجى جلد - تهران - ١٩٤٦ .

## المصادر الانگليزية

37- Chaliand, Gerad «People Without a Country» The Kurds and Kurdistan - Translated by Michael Pallis - Zedpress, London - 1980.

38- Jawad, Sa'ad. N. «Iraq and the Kurdish» A Submitted for the degree of Ph. D. to the University College wales, Aberys twyth».

39- Jr, William Eagleton «The Kurdish Republic of 1946» Oxford University press. London - 19 - 63.

40- Kahn, Margaret «children of the Jine» New york 1980.

41- Moro, christione «The Kurdes aujourd» hui. Mouvement National et partis politiques - L, Harmattan. Poris. 1984.